هاوکاری

ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

(٨) لاپەرە
نرخی
(٢٥) فلس
لە (دارالحرية)
چاپ ئەکرێ

رۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتییە
لەدەزگای هاوکاری چاپ و بلاو کردنەوەی
کوردی دەرئەچێت

دار التضامن للطباعة والنشر الكردية
بغداد - شارع الجمهورية - ساحة الخلاني
هاتف ٦٨٣١١ ، ٦٨٣١٢ ، ٦٨٣١٣

HAWKARI Tel - 68311 68312, 68313.

ژمارە (٢٣٧) ٤-١٠-١٩٧٤

١١ هەمین خولی پێشانگای بەغدا

رۆژی سێ شەممەی رابوردوو ١-١٠ بەڕێز حکمت عزاوی وەزیری ئابووری ١١ هەمین خولی پێشانگای بەغدای کردەوە ، خولی ئەمجارەش لەژێر دروشمی (چیمەنتۆی عیراق لە خزمەتی پەرەپێدانی ئابووریدا) یە کرایەوەو بەرینی پێشانگاکەش (٣٠٠)هەزار مەتری چوارگۆشەیەوە لەناهەنگی کردنەوەکەیدا ژمارەیەکی زۆری وەزیرانی بازرگانیو ئابووری ئەو ولاتانە ئامادەبوون ... ماوەی پێشانگاکەی ئەمجارەش ٢١رۆژە .

ئا.د.ع

شۆڕشگێڕانی عومان بەرەنگاری هێرشی هێزە کانی ڕێژیمی ئێران دەبنەوە

سەرۆکی وەزیرانی بەنگلادیش بۆیە کەم جار سەردانی عیراق دەدات

گەلی چین یادی دامەزراندنی کۆماری گەلی ئەکاتەوە

پەکین : رویتەر : رۆژی سێشەممەی رابوردوو ١-١٠ گەلی چین بەبۆنەی ٢٥ ساڵەی دامەزراندنی کۆماری سوشیالیستی یەکەوە ئاهەنگێکی گەورەی گێڕا .

هەروەها بەم بۆنەیەوەلەناوچەکانی پەکینو شارەکانی تردا چەندین ئاهەنگ و میهرەجان و کۆڕ سازکرانو بەهەزاران هاوولاتی چینی تیایاندا بەشداربوون .

ئاژانسی دەنگوباسی چینی نوێ (شینخوا)ش چەند بروسکەیەکی پیرۆزبایی لێکردنی بلاوکردەوە کە لەلایەن دەولەتانی دنیاوە بۆ گەلو حکومەتی کۆماری گەلی چین نێردرابوون .

سەر لەنێوارەش بەڕێز شوئن‌لای سەرەک وەزیران لەئاهەنگێکی تایبەتیدا بەشدار بوو کە بەم بۆنەیەوە ساز کرابوو . وە لە ئاهەنگەکەدا وتی : بیست و پێنج ساڵ لەمەوبەر سەرۆک ماوتسی تونگ دامەزراندنی کۆماری چین و ڕاپەڕینی گەلی چینی بەگوێی ڕای گشتی جیهان گەیاند .



مۆ تسی تونگ

بیرەوەری دە ساڵەی هەڵگیرسانی شۆڕشی چەکدارلەمۆزەمبیق .

دار السلام : شینخوا : رۆژی ٢٥-٩ لەپایتەختی تانزانیا میهرەجانو خوێشاندانێکی جەماهیری فراوان ڕێکخرا ، بەبۆنەی بیرەوەری دەساڵەی هەڵگیرسانی شۆڕشی چەکدارانە لەمۆزەمبیقو هەروەها بەبۆنەی پێک هێنانی حکومەتی وەختی لەژێر سەرکردایەتی بەرەی ڕزگاریخوازدا لە مۆزەمبیق .. لە میهرەجانەکەدا بەلای کەمەوە دە هەزار کەس بەشداربیون .

لەمیهرەجانەکەدا چەندین دروشم بەرزکرابۆووە ، وەکو : بژی خەباتی چەکدارانەو بیرۆزبایی لەجەنگاوەرانی فریلیمو ئەفەریقا یەکپارچەیە ..

وە لە ئاهەنگەکەدا رشید مفومی کاواوا دووەم جێگری سەرۆکی تانزانیاو سەرەک وەزیرانو کاربەدەستانی حکومەتو لێپرسراوانی حیزبیو لێپرسراوانی دەزگا دیپلوماسیی یەکانو نوێنەرانی بزوتنەوە ڕزگاریخوازەکانی ئەفەریقا بەشداربیون .

کاواوا لەسەرەتادا وتارێکی خوێندەوە تیایدا بیرۆزبایی لەگەلو بەرەی ڕزگاریخوازی مۆزەمبیق کرد بەرامبەر بەو سەرکەوتنەی وەدەستیان هێناوە . وتی :

لەکاتی سەرکەوتنا ، پێویستە گەلانی ئەفەریقا بەردەوام بن لەسەر پشتگیری کردنی گەل مۆزەمبیق بۆ ئەوەی بتوانێ بەتەواوەتی سەربەخۆیی نیشتمانی خۆی بچەسپێنیو مۆزەمبیقێکی نوێ بنیات بنێ . وە تانزانیا بەگەلو حکومەتەوە بەردەوام ئەبن لە یارمەتیدانو پشتگیری کردنی بزوتنەوە ڕزگاریخوازەکانی ئەفەریقا تاوەکو بەدەستهێنانی ڕزگاریان ئەبێتەو سەربەخۆیی تەواو وەدەست ئەهێنن .

ئنجا چەند وەفدێکی تر سەرو وتاریان خوێندەوەو لەدوایدا دەستکرا بەنواندنی چالاکیهونەری پێشکەش کردن هونەری میللیو سرودی نیشتمانی بەم بۆنەیەوە .

شۆڕشگێڕانی کە مبۆدیا هەزار سەربازی

لەناو بردووە .

پەکین : شینخوا : ئاژانسی دەنگوباسی کەمبۆدیا بڵاوی کردەوە کەلەم دواییەدا لەشکری گەلو هێزی ڕزگاری نیشتمانی کەمبودیا لە ژووروی ڕۆژئاوای فنوم‌پێنو لەسەر ڕێگای ژمارە (٢٤) بەگۆڕهێزیکی دەستدرێژیکەری دوژمندا چونەتەوەو زەرەروزیانێکی زۆریان لێداوە .

ئاژانسەکە ئەڵێ : لە ٢٤ی ئاب تاوەکو ١٩ی ئەیلوول هێزێکی دوژمن کە لە سێ لیواوشەش کەتیبە پێکهاتبو لەسەر ڕێگای ژمارە (٢٤)هێرشیان بەرەو ژووروی فنوم پن هێنا ، بۆ داگیرکردنی چیاوناوچەی (جمابونگ) ..بەڵام جەنگاوەرانی گەل لەوماوەیەدا پێنج جار پەلاماری ئەوهێزەی دوژمنیان داوەو شکادیان و بەلای کەمەوە (١١٠٣) سەربازیان لێکوشتو بریندارکردو بەدیل گرت ، هەروەها ٨ تانکیان پەکخستو ٣٢٤ بارچە چەکی هەمەچەشنەو ئازوقەیەکی زۆریان دەست کەوت بوو .

شۆڕشگێڕانی کە مبۆدیا هەزار سەربازی

لەناو بردووە .

پەکین : شینخوا : ئاژانسی دەنگوباسی کەمبۆدیا بڵاوی کردەوە کەلەم دواییەدا لەشکری گەلو هێزی ڕزگاری نیشتمانی کەمبودیا لە ژووروی ڕۆژئاوای فنوم‌پێنو لەسەر ڕێگای ژمارە (٢٤) بەگۆڕهێزیکی دەستدرێژیکەری دوژمندا چونەتەوەو زەرەروزیانێکی زۆریان لێداوە .

ئاژانسەکە ئەڵێ : لە ٢٤ی ئاب تاوەکو ١٩ی ئەیلوول هێزێکی دوژمن کە لە سێ لیواوشەش کەتیبە پێکهاتبو لەسەر ڕێگای ژمارە (٢٤)هێرشیان بەرەو ژووروی فنوم پن هێنا ، بۆ داگیرکردنی چیاوناوچەی (جمابونگ) ..بەڵام جەنگاوەرانی گەل لەوماوەیەدا پێنج جار پەلاماری ئەوهێزەی دوژمنیان داوەو شکادیان و بەلای کەمەوە (١١٠٣) سەربازیان لێکوشتو بریندارکردو بەدیل گرت ، هەروەها ٨ تانکیان پەکخستو ٣٢٤ بارچە چەکی هەمەچەشنەو ئازوقەیەکی زۆریان دەست کەوت بوو .

مەرجەکانی یەکخستنەوەی کۆرێ

تۆکیۆ : ئەسۆشیێتدپریس: رۆژی ٢-١٠ بەڕێز کیم ئیل سۆنگ سەرۆکی کۆماری دیموکراتی گەلی کۆریا ڕایگەیاند کە کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لەکۆریای خوارووەوە مەرجێکی ئەساسی یەکخستنەوەی هەردوو بەشی کوریایە .

وەوتی : ئەو ئەرکە گرنگەی ئێستاکە کەوتۆتە ئەستۆی گەلی کوریا کرکردنە بۆ ئەوەی بەدەستوبردی نیشتمانەکەی یەکبخاتەوە . وەکو زانراویشە ئێستاکە نزیکەی ٤٠ هەزار سەربازی ئەمەریکا لەکۆریای خواروودان .

سەرنەکەوتنی کۆدەتایەک لە ئیتالیا

ڕۆما : رویتەر : رۆژی ١-١٠ بڵاوکرایەوە کە حکومەتی ئیتالیا ناخشەی کودەتایەکی بۆ ئاشکرا بووە کە چەند جەنەرالێکی خانەنشینی لەشکر لە ٢٦ی ئابی ڕابوردووما ڕیستۆیانە دژی حکومەت ئامادەکرد بوون .

ئەخشەکە کە بریتی بووە لە فڕاندنی مێریانوردومری سەرەکوەزیرانیو بەلامارەدنی پۆشکی جمهوری و چەند دەزگایەکی تر ... وەلە زاراوەیشە بەپێی ڕابورتێکی نهێنی وەزیری بەرگری ئیتالیا ، جوار چەنەپڵی لەشکر لەو کردەتا سەرنەکەوتووەدا بەشدار بوون .

بارگاوتنی پورتوگال

چی بەسەر هات ؟

لشبۆنە : ئاژانسەکان : هەفتەی ڕابوردوو فاشستی وکۆنەپەرستانی پورتوگال کەوتنە جموجۆڵو ئاژاوەنانەوە بە نیازی گۆڕینی باری ئێستای لشبونەو ئەوە بوو تەقەڵلاکەیان سەری نەگرتو بڵاوەیان پێکرا .

لەولایشەوە جەنەرال دی سپینۆلای سەرکۆمار دەستی لە کارکێشایەوەو کوستا گۆمیز کرا بە سەر کۆمار .. دوای ئەم گۆڕانەش واتە ڕۆژی ١-١٠ هێزە چەپڕەوو پێشکەوتنخوازەکانی پورتوگال خۆیانشماندانێکی گەورەیان ڕێکخست بۆ پشتگیری کردنی سەرکۆماری نوێ . وەکو زانراویشە ١٥ هەزار کەس لەو خۆپیشاندانەدا بەشدار بوون و سرودی نیشتمانی پورتوگالیان وتوە .

کۆمۆنیکەی ١ی هاوڕان

- یاوندە : ڕۆژی ١-١٠ بەڕێز - احمدو اهیجو - سەرۆکی کامیرۆن بەسەردانێکی ڕەسمی چوو بۆ سعودیە .
- واشنتۆن : ئا.د.ف : ڕۆژی سێشەممەی رابوردوو ١-١٠ ئەمەریکا دەستی کرا بەمحاکەمەکردنی پێنج یاریدەدەری نیکسونی سەرۆکی پێشوی ئەمەریکا بەتۆمەتی ئەوەی پەیوەندیان بە مەسەلەی وۆتەرگێتەوە هەبووە .
- مالطە : دێم منتوف سەرەکو وەزیرانی مالطە ڕایگەیاندکە حکومەتی سعودی بڕیاریداوەقەرزێکی پێنج ملیۆن دولاری بدات پەولاتەکەی .
- تایبێ : هەردوو ڕێژیمی دەستنێژی ئیمپریالیزم ، تایوان و ئەردەن بڕیاریاندا کە لەمەولا پەیوەندی ئابووری و بازرگانی نێوانیان پتەوتر بکەن .
- بڕیار وایە کە لەدووەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزاندا میری کوێت شیخ صباح سالم الصباح بەسەردانێکی ڕەسمی بچێ بۆ میسر .

ئەمەریکا یارمەتی عەسکەری لە ڕێژیمی تورکیا ئەبڕێ ؟!

واشنتۆن : ئا.د.ف ـ ئاژانسەکان : هەفتەی ڕابوردو ئەنجومەنی سەنای ئەمەریکا بە (٥٧) دەنگ دژی (٢٠) دەنگ بڕیاری داکە یارمەتی عەسکەری لە تورکیا ببڕدرێ بە بیانوی ئەوەی گوایە تورکیا لە ئەگەری قبرص دا کە لەمانگی تەموزی ڕابوردوو دا هەڵگیرسا چەکو تفاقی ئەمەریکایی بەکارهێناوە .

ئەوەی شایانی باسیشە تۆماس ئیفلتون کە سیناتۆرێکی سەر بە پارتی دیموکراتیی یەداوای کرد بووکە بەشێوەیەکی وەختی یارمەتی عەسکەری لە تورکیا ببڕدرێ بۆ ئەوەی حکومەتی ئەنقەرە دەربارەی مەسەلەی قبرص و بۆ ڕیککەوتن لەگەڵ یونان بەباشی بێتە پێشەوە .

لە لایەکی تریشەوە ڕێژیمی تورکیا دوو چاری گیرو گرفتی پێک هێنانی وەزارەتێکی تازەبووەو ماوەیەکە سلیمان دیمیریل سەرۆکی پارتی بەناو (عەدالەت) خەریکی ئەم وەزارەتە پێک هێنانەیە چونکەماوەیەک لەمەوبەر بولند ئیجویدی سەرەک وەزیرانی پێشو دەستی لەکارکێشایەوە .

لە کانوونی دووەمدا حکومەتێکی وەختی فەلەستین پێکدەهێنرێت

گۆڤاری - الصیاد - کە لەلوبنان دەرئەچێ لەژمارەی ڕۆژی ٢-١٠ نووسیویەتی ئەڵێ لە ١-١-١٩٧٥دا ، کە یادی دە ساڵەی هەڵگیرسانی شۆڕشی فەلەستینە ، حکومەتێکی وەختی فەلەستینی پێک دەهێنرێت .

هەروەها گۆڤارەکە ئەڵێ : ئێستاکە خەریکی هەلسوراندنی کاروباری سیاسیو عەسکەریونیز دەولەتانن بۆ ڕێماخۆشکردنی پێک هێنانی حکومەتەکە .

لەلایەکی تریشەوە بەرەی گەلی ڕزگاری خوازی فەلەستین بەیانناممەیەکی بڵاوکردەوە تیایداڕایەگەیاند کە ناکۆکی نێوان ئەوبەرەیە لەگەڵ سەرکردایەتی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستیندا لەوەوەهاتووە کەئەو سەرکردایەتیە لەو تەقەڵلانەدا بەشدارئەبێ کە ئەمریکاوکونەپەرستانی عەرەبئەیدەن بۆ بەلایەکاخستنی مەسەلەی فەلەستین .

ئەمەریکا یارمەتی عەسکەری لە ڕێژیمی تورکیا ئەبڕێ ؟!

واشنتۆن : ئا.د.ف ـ ئاژانسەکان : هەفتەی ڕابوردو ئەنجومەنی سەنای ئەمەریکا بە (٥٧) دەنگ دژی (٢٠) دەنگ بڕیاری داکە یارمەتی عەسکەری لە تورکیا ببڕدرێ بە بیانوی ئەوەی گوایە تورکیا لە ئەگەری قبرص دا کە لەمانگی تەموزی ڕابوردوو دا هەڵگیرسا چەکو تفاقی ئەمەریکایی بەکارهێناوە .

ئەوەی شایانی باسیشە تۆماس ئیفلتون کە سیناتۆرێکی سەر بە پارتی دیموکراتیی یەداوای کرد بووکە بەشێوەیەکی وەختی یارمەتی عەسکەری لە تورکیا ببڕدرێ بۆ ئەوەی حکومەتی ئەنقەرە دەربارەی مەسەلەی قبرص و بۆ ڕیککەوتن لەگەڵ یونان بەباشی بێتە پێشەوە .

لە لایەکی تریشەوە ڕێژیمی تورکیا دوو چاری گیرو گرفتی پێک هێنانی وەزارەتێکی تازەبووەو ماوەیەکە سلیمان دیمیریل سەرۆکی پارتی بەناو (عەدالەت) خەریکی ئەم وەزارەتە پێک هێنانەیە چونکەماوەیەک لەمەوبەر بولند ئیجویدی سەرەک وەزیرانی پێشو دەستی لەکارکێشایەوە .

ڕەگەز پەرستانی خواروو ئەفەریقا لە کڕێکاران ئەکەن

یۆهانسبورگ : ڕۆژ بە ڕۆژ ڕەگەزپەرستانی خواروی ئەفەریقا زیاتر دەستیان بە خوێنی گەشی کریکارو نیشتمانپەروەرە ئەفەریقاییەکان سورتر ئەبێ .. ئەوەبوو ڕۆژی ١-١٠ یونایتەدپریس بڵاوی کردەوە کە کڕێکارانی کانی پلاتین دەرهێنان لە ڕۆژئاوای ترانسکال داوای چاککردنی باری گوزەران و زیاد کردنی ڕۆژانەکەیان کردوە کە چی هێزی پولیسی ڕەگەز پەرستان داویانناوەبەر دەست ڕێژی شەستیرو دوکریکاریان کوشتوەو چەند کەسێکی تریش بریندار بوون .

institut kurde de paris

سیاسەتی فاشیستی رێژیمی ئێران لەزەفار..

ئەرتەشی دژی گەلی ئێران‌ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر جینایەت‌و دەست درێژی خۆی لە دژی‌شۆرشگیرانی زەفار پەرەپێ دەدا . رێژیمی دیکتاتوری‌ئێران کە ڕۆژێک خەونی سەرکەوتنی نیزیک‌و هاسانی‌بەخۆو بە رێژیمی کۆنەپەرستی سوڵتان قابوسەوە دەدی ،شورشی رزگاریخوازی زەفاری بە « شورشی سەدنەفەروەحشی » ناو دەبرد . ئیستانەوە نیزیکەی دوو ساڵەلە شکری ، بردرێ عومان‌و بە فەرمانی ئیمپریالیزمی ئەمریکاوئەفسەرە کۆنە پەرستەکانی ئینگلیسی لە نیو سوپای قابوس‌دا ، شەریکی بەئامار دەرازای دەست پێ کردوە ، بێ نەوەی‌خەبەرێک لەو خاونە خۆشەی رێژیمی ئێران !

کە لە ناوچوونی شورشی‌رزگاریخوازی زەفارە ، دەگوڕی دایێ .

لەو دوو ساڵە دا زمارەی‌هێزی چەکداری رێژیمی ئێران لە عومان ، لە ٦٠٠ کەس ڕاگەیشتۆتە زیاتر لەیازدە هەزار کەس . لێشاوی چەکوپێداویستی سەربازی لە ریگای ئێرانەوە بەرەو عومان‌ناپسپێتەوە . سوپای قابوس لە ٣٠٠٠ کەس سەوە لە ماوەی‌ئەو دووسێ ساڵە دا گەیشتۆتە ١٢٠٠٠ کەس بەڵام ئەو« سەد کەسەی » کە رێژیمی ئێران تەبلیغات‌و دیعایەی‌لە دژی دەکا ئستایش قارەمانانە لە بەرامبەر هەزاران‌سەربازو ئەفسەری ئینگلیسی‌و ئێرانی‌و عومانی دا شەردەکەن‌وبەلێنیان داوە تا سەرکەوتنی یەکجاری واتە ئاوەدەرنانی بیگانەو دەست دریژی کەرانی رێژیمی کۆنەپەرستی عومان وەدی نەیەت چەک دانەنین‌و خەباتی خۆیان نەوەستێنن .

ئیستا کە رێژیمی ئێران بۆی دەرکەوتوە سەرکەوتن بە سەر شورشی رزگاریخوازی زەفار ئاسان نیە ، وێڕای دریژە پێ دان بەوشەپرە فاشیستییانە ،لەلایەک دەستی گردوە بە تەبلیغات‌و لێ هەڵاگوتنی ئەو هێزانەی کە ناردوونیە شەری زەفارو لە لایەکی‌ترەوە جموجۆڵی‌یەکی بەربڵاوی دەست پێ کردوە بۆ سەرنج ڕاکیشانی رێژیمەکۆنەپەرستەکانی عەرەب و پشتیوانیان لە سیاسەتی رێژیمی ئێران لە عومان دا . ئەوەی دیارێ تا ئیستا هیچ یەک لەوواڵاتە عەرەبیانەی‌کە سوڵتان قابوس داوای یارمەتی لێ کردوون ، حازرنەبوون سوپابنێرنە زەفارو لە شەپی دژی نیشتمانپەروەرانی‌زەفار دا بەشداربن . نەک هەر بەکردەوە بەشداریان‌لەو شەرەدانەکردوە ، بەڵکوو کۆنەپەرست ترین رێژیمی عەرەبیشی لەمەرکردەوەی فاشیستی رێژیمی ئێران لە زەفاردا ، بەشکوگومانەوە بە جۆرێک کە سوڵتان قابوس لە بەرامبەر تیروتانەی‌ڕابەرانی وڵاتە عەرەبیەکان دا ، دەستی کردوە بە پاکانەودیفاع لە خوی و دەڵی :

« .... لەبارەی هاوبەشی‌هیزەچەکدارەکانی ئیران لە شەپی عومان دا ، تەبلیغاتی‌کۆمونیستی واقیعییەتی بەڕاوڕوو نیشانداوە ...عومان هەقیەتی کە ئەویارمەتیە لە ئێران وەربگری ، چونکە ئیران وڵاتیکی ئیسلامیەو سەرەڕای ئەوەش دژاوسێمانە . »

(ئاڵاعات ـ ٨ی جۆزەردانی ١٣٥٣) .

لەقسەکانی ئەو دوایانەی‌وەزیری ڕاگەیاندنی عومان دەگەل هەوالنوسی ڕۆژنامەی« ألجمهوریه » چاپی قاهیرە دا بەشداریتەوە ، دیعایەی جۆربەجۆرو بێ سەروپی هەڵدەبەستی کە گویا کوبایی دەجلوبەرگی نیشتمانپەروەرانی زەفاردا دژی سوپای قابوس شەردەکەن !..

ئاشکرایە هەوو جوڵانەوەیەکی رزگاریخوازی لە سەرانسەری جیهان‌دا ، لەلایەن بەرەی سوسیالیستی ودژی ئیمپریالیستیەوە پشتیوانی لێ دەکری . شەری ویتنام‌و سەدان شۆرش وڕاپەرینی دیکەی رزگاریخوازی جیهان باشترین بەڵگەو نیشاندەری ئەوە واقیعییەتەن گەورەترین هیزی ئیمپریالیستی لە بەر دەگەڵ خەڵکی قارەمانی ویتنام ، کەبۆ ئازادی‌و سەربەخویی خۆی خەباتی دەکرد ، تێ شکاو بەسەرشۆڕیەوە ناچاربوو باشەکشە بکاو لە بەرامبەر ئازایەتی وفیداکاری خەڵکی ویتنام‌دا سەر دابنوێنێ .

ڕێژیمی کۆنەپەرستی ئێران بەو ئەرتەشە لەقو لۆقەی کە بیجگە لە فیشال‌و گەروگیف شتیکی‌ترنیە وبەو سیاسەتەیەوە کە ریسواترین سیاسەتە لە دنیای ئەورودا ، زۆر لەوە کەمتری کە بتوانی بە سەر ئیرادەی خەڵکی قارەمانی زەفار دا ،کەبۆ ئازادی‌و سەر بەخۆیی خۆیان دەستیان داوە تەچەک ، سەرکەوێ .

کاروانی خەباتی گەلان پیشی پێ ناگیری و ڕەوڕەوەی میژوو بەرەو دواوە ناگەڕێتەوە ڕێژیمێک کە خۆی بە جەبری تاریخ بەرەو نەمان دەروا ، چۆن دەتوانی ڕێژەیکی لەخۆی دوا کەوتووتر وکۆنە پەرست‌تر لە سەرکەندالی مەرگ‌و نەمان رزگار بکا !

سوارە

گەلی پورتوگال بە چۆکانایەت

لەم ڕۆژانەدا بە ناوخۆی پورتوگال پێی ناوەتە دۆخێکی تازەوە ، دۆخێ‌بەیەکاهاتنی دیموکراتی‌و پێشکەوتنخوازان لەگەڵ‌کۆنەپەرست‌و لایەنگیرانی ڕێژیمە فاشستی‌یەکەی پێشوواتە چەندە ڕێژیمە تازەکەی لشبۆنە هەنگاوی‌پێشکەوتنخوازانە بنێ بەرەو دامەزراندنی دامودەزگاوەدامەزراوی نوێو لێدان‌و هەڵوەشاندنەوەی شیرازەی‌ڕێژیمە فاشستی‌یەکەی پێشو ، ئەوەندە کۆنەپەرست‌و نۆکەرولایەنگیرانی ڕێژیمی پێشو ئەکەونە جموجۆڵو ئاژاوە نانەوەوەکو ئەزانین لە ٢٥ی مانگی نیسانی ڕابوردوودا کۆتایی‌بە ڕێژیمێکی دیکتاتوری فاشستی‌یانە هات کە نزیکەی٥٠ ساڵ بوو بەناگرو ئاسن حوکمی لشبونەی ئەکرد وەشەڕێکی گۆلونیالیزمبانەی لە گینیا ـ بیساوو کاپ بەردەوەۆزەمبیق و ئەنگولا هەلگیرساندبوو .

جا لەو ڕۆژەوە گەڵوهێزە پێشکەوتنخوازەکانی پورتوگال خەریکی بنیات‌نانی‌دۆخێکی تازەن لە پورتوگالدا ئەوە بوو لەمەیانی سیاسەتی‌دەرەوە دان بەسەربەخۆی گینیا ـ بیساو دا نراوحکومەتێکی وەختی لەڕۆزەمبیق ڕێکەهات .. لەمەیانی‌ناوخۆش دا گەلی پورتوگال دوای ٥٠ ساڵ گرتن‌ودەربەدەری‌و حوکمی ئاگرو ئاسن دەرگایەوەوەهەندی سەربەستی ، دیموکراتیانەی بۆ دەستەبەرکرا . دامو دەزگای چەند شارێکی وەکو بیخاو کومبراوکاستیلو برانکۆ و دورگەی لازۆر درایە دەست‌چەند کاربەدەستێک کە رابوردویەکی پاکیان هەبوو‌وسەربە بزوتنەوەی دیموکراتیانەی پورتوگالن ، لەشاری بۆ ڕۆژش ئەندامێکی بەرزی پارتی سوشیالیستی‌کرا بەپارێزگارو بەڕێوەبەری پایتەختیشی ئیستاکە کاربەدەستێکە کە دیموکراتی‌یەو دوژمنی فاشستیەتە .

ئەمە لەلایەک ، لەلایەکی‌ترەوە ، ئەو کردارە پێشکەوتنخوازانەی حکومەتی‌کۆنەپەرست‌و فاشستی‌یەکانی ناڕەحەت کردەو ڕۆژنیە کەهەراوهۆریا بەڕیا نەکەن .. وە ئاگادارانی سیاسی‌لەو باوەڕەدان کە تەقەڵای حکومەت بۆ ڕاگرتنەوەی‌لەشکرو پۆلیس دەزگاکانی دەوڵەت‌و چەند جارێکی تووشی‌کوسپ‌و تەگەرەی گەورە بووەو لەلایەن ڕاستڕەو (یمینی)ولایەنگرانی ڕێژیمی پێشوەوە بەربەرەکانی ئەکرێت .. ئەم‌تاقمە حکومەتیان ناچار کرد کە کاربەدەستێکی فاشستی‌یکات بەڵێرسراوی شاری ئیقاراو ئەو شارەش‌مەڵبەندێکەلەمەڵبەندی بزوتنەوەی چەپڕەو (یساری) وەبەپێچەوانەی لەشکرەوە دەزگاکانی پولیس هەربەدەست‌فاشستی‌یەکانەوە ماوەتەوە ، پاسەوانی نیشتمانی جمهوری‌وهێزەکانی (گاردیا ڤیسال) وڵولیسمی ئاسایش بە هەوەسی‌خۆیان تەراتین ئەکەن‌و بوونەتەمەڵبەندی‌کۆنەپەرستان‌وفاشستی‌یەکان .. جگە لەمەش ماوەیەک لەمەوبەر هەفتەی‌کۆمەک‌کردن لەگەڵ گەلی شیلی ڕێکخرا .. وە بۆ ئەوەی وەزع‌بشێوێ‌و ئاژاوە بەرباببێ لە بەرچاوی هێزەکانی پولیس‌کۆنەپەرستان بەڵامارێ ئەوانەیان دا کە بۆ پشتگیری‌گەلی شیلی کۆبوونەوەو بڵاوەیان پێ‌کردن کەچی

بڕوانە ل ـ٧ـ

پاشەڕۆژی حەبەشەلەنێوان‌شەری ناوخۆوخەباتی چەکدارانەدا

لەگەڵ سەرنجێک لەو ڕووداوانە بەدین کە دوای لابردنی هیلاسی لاسی لە سەر کار لە ئەدیس ئەبابا ڕوانەدا دیتنە سەر ئەو باوەڕەی کە بڵێین دوور نیە بەم زووانە وەڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوەکە ئەڵێ دوای هیلاسی‌لاسی باری ناو خۆی وڵاتی حەبەشە بەرەو کوێ ئەڕوات !؟

هەر وەکو ئەزانین لەم ڕۆژانەدا کاروباری کۆنگرەی سااڵنەی کرێکارانی حەبەشە ئەواو بوو ، وە پێچەوانەی خواستی سەرکردەکانی لەشکرەوە یەکێتی نەقابەی کرێکارانی حەبەشە بەیانناممەیەکی بڵاوکردەوە تیبادا باسی‌چەند مەسەلەیەکی گرنگی کرد وەکو :ـ

« یەکەم قوناغی ئەو گۆرانانەی کە ئێستا بە سەر حەبەشەدا دێن ئەنجامێکی ڕاستەقینەی خەباتی سەختو درێژ خایەنی چینی کرێکارو جوتیاران‌و هەموو هێزە دیموکراتیەکانی حەبەشەیە » .

هەروەها یەکێتی لە بەیاننامەکەدا وتی :ـ

جا بۆیە لەم قۆناغەی ئێستا لەرزین ..

هیچ یەک لەو هێزانەی وەک ئەو ڕووداوانە بەدین کە ڕووی‌داوە ئاگادار نین کە ئەو ڕووداوانە بەرەو کوێ ئەڕۆن ، ئەو هێزانەی کە ئەو ڕووداوانە بەرەو ئاراستەیەکی دیاریکراو ئەبە



لە یادی

حسێن حوزنی موکریانی

جەمال بابان



من زمانی ئەمەکی کێم..!

کێ .. دڵدارەو زەوی و ئاسمانی خۆش ئەوێ ..؟
کێ .. ئازارەو خەمی ئەوێ ..؟
کێ .. دڵدارە ..؟ کێ دڵدارە ..؟
ئەو مرۆڤەی کە ئەستێرەی :
زامەکانی .. قەت ناسڕدرێ ..!

× ×

ئازیزەکەم !
تۆ ئەزمانی من ئەگەی
تۆ ئەی گۆرانی بێژەکە
گۆرانیەکمان بۆ ئەڵێی ..؟
ئەی شاعیرە خەم خۆرەکە ..
جارجاری خەمان بۆ ئەخوێ ..؟
کێ، ئازانی دڵدارێمان خەمی زۆرە
کە ئەزانی گۆرانیمان هەر بۆ خۆرە ..!

× ×

ئەزانم ئەمێنە دا مرۆف چیە ..!
ئەزانم ئەوەی کە ئەگری و پێناکەنی ...
ئەبێ دڵی هێلی راست و چەپ :
بەڕیانی خۆیا بێنێ ..!

× ×

ئازیزەکەم !
دەریایەکم
لە زمانی هەموو سەرچاوەکان ئەگەم
لە چاوەکانی « ئەشمیلا »
بەراوردی هەموو خەمی ...
مرۆڤی ناو ئەم جیهانە
بەتۆ ئەکەم
ئەزانی .. کێم ..؟
من ئەوکەسەم ...
ئە زمانی خەمەکانی « مرۆڤ » ئەگەم ..!

— ئازاد محەمەد ئیبراهیم —
سلێمانی ئەیلوولی ١٩٧٤

لە ئەدەبی جیهانەوە

یاکوب کۆلاس

گۆران مەریوانی ـ لەئینگلیزیەوە وەری گێڕاوەو ئامادەی کردوە

شاعیرو چیرۆک نوسێکی بەناوبانگی بیلوڕوسیایە . لەنۆڤەمبەری سالی ١٨٨٢ دا لە خێزانێکی هەژار ، چاوی کردۆتەوە . تا ئێستا زیندوە وتەمەنی ٩١ ساڵە !
یەکێکە لەو نوسەرانەی کە لە ژیانیدا پەیوەندیەکی بەتینیان لەگەڵ « مەکسیم گۆرکی »دا هەبووەو « مەکسیم » هاندەریان بووە . نوسەرە گەورەکانی ڕوسیا وەک : پۆشکین و نیکراسۆڤ و تۆڵستۆی و کریلۆسۆڤ و کۆڵستۆڤ و گۆرکی کارێکی تەواویان تێکردوە . هەر لە سەرەتای ژیانیەوە تا ئێستا بەهۆی کارکردنی سیاسی و نوسینەوە ناسراوەو بۆتە نوسەرو شاعیرێکی ناسراو . سروودو هۆنراوەکانی بەهەموو زمانەکان بەتایبەتی ڕووسی بلاو کراوەتەوە . بەتایبەتی سروودی « نیشتیمانی نوێ » یەکێکە لە سروودە بەناوبانگەکانی سۆڤیەت کە ئەم هۆنیویەتەوە . نوسەری ڕوسیایی « پیترۆس بڕۆفیکا » نوسیویەتی و دەڵێ : « یاکوب ، لەگەڵ هەڵگیرساندنی ئاگری شۆڕشەکەی سالی ١٩٠٥ دا ژانی هونەری و ئەدەبی تەقیەوە » ئەم هۆنراوەیەی کە ئێستا پێشکەشی دەکەین

گۆران مەریوانی

جێگا ڕۆژنەوە لە پاستیکی قەڵەبالغ دا ....

چیرۆکی ئیبراهیم ئەحمەد
ڕەوف حەسەن کردیە بەکوردی



ئازاد محەمەد

ئەو ڕۆژەوە بڕیارم دا منیش .. لەم یاریە دا بەشداریان بکەم .. دوای ئەوەی شتێکی لێ حاڵی بووم .

پیاوە ورگنەکە ئەزانیت کە سەداڕە قادەیی دەڵاڵی زەوی فرۆشتنەو دووکانەکەی لێ پیاوە هەڵ ئەسێو من ناوەڕاستی شەقامەکەدایە ... گەنجە سمێڵ زەردەکەش ئەزانێت کە ئاغرەتە سەرپۆش سپی یەکە لە ئەخۆشخانەیەکی نزیک دا ئیش ئەکات و هەر ئەبێ لەوێ دا دابەزێت .. بەڵام ئەو کۆرسیە پیاوێك دانیشتووە .. زۆر ئەجوڵێو ئاوڕ ئەداتەوە .. هەموو جارێ لە ئاوێنەکە دەڕوانێ و ڕێکی خۆی ڕادەست دەکاتەوە .. ئەو ژنە ئەزانێ کە ئەو پیاوە چاوی لێیە و بەردەوام سەیری ئەکات .. ئەویش بە دزیەوە سەیری ئەکات

دووەم سیمینارى زانستى دەربارەى نەوت لە بەغدا یەک ئەخرێ

لە ١ى تشرینى دووەمى ئایندەدا ژمارەیەکى زۆرى باشـــترین هاوکارى عیراق بـــە هاوکارى ئەنجومەنى زانستى جیهـــان و رێکخراوى هاوکارى گـــەلانى ئاسیاو ئافریقا لە ژێر دروشمى (نەوت و کەرەسەى خاو لـــە پێناوى پەرەپێـــدانى ئابورى و پێشکەوتنى کۆمەلایـــەتى وێکەسانى پەیوەندى ئابورى) دا دووەم ســـیمینارى (ندوە) زانستى دەربارەى نەوت لـــە بەغدا رێك ئەخەن و سیمنارەکە چوار رۆژ ئەخایەنێ وە لـــەم سیمینارەدا چەند باسێك کـــە پەیوەندى بە نەوتەوە هەیە وەك باسى کارو کەرەسەى خاو چارەسەر ئەکرێن .

جێبەجێ کردنى پرۆژەى ئاودانى بەدرە جەسان زرباتیە

هەفتەى رابردوو لە وەزارەتى ئاودان پەیمانى جێ بە جێ کردنى بەشى یەکەم لە پرۆژەى ئاودانى بەدرە - جەســـان - زرباتیە لە کەل بەلێندەرێکى عیراقى مۆر کرا کە ٥ ملیۆن دینارى تێ ئەچێت .

وەئەم بەشە بریتیە لە جێ بە جێ کردنى پێنج ترۆمپاى ئاو هەلکێشان وهەلکەندنى جۆگا کە لە ماوەى ٣٦ مانگدا ئـــەواو ئەبێت .

وەئـــەم پرۆژەیە بە چـــوار قۆناخ تەواو ئەبێتەوە (١٠) ملیۆن دینارى تێ ئەچێـــت و لەزێى دجلەوە (٦٧) هـــەزار دونم لە زەوى و زارى ناوچەکـــە بەراو ئەکات .

وەسەر چاوەیك رایکەیاند کە قۆناخى دووەم وسێیەمى ئـــەم پرۆژەیە کـــە هێنانى بۆرى و ترۆمپاى ئاوە کۆمپانیاى ئکسبورتى سوفیـــەتى جێ بەجێیان دەکات .

وەئەوەى شایەنى باسە لـــەم دوایىیە دا پەیمـــانى پرۆژەى ئاوى بەدرە - جەسان - زرباتیە لە کەل بەلێندەرێکى عیراقى بۆرى و ترۆمپاى ئاوە کۆمپانیاى ئکسبورتى سوفیـــەتى جێ بەجێیان دەکات .

وەئەوەى شایەنى باسە لـــەم دوایىیەدا پەیمـــانى پرۆژەى ئاودانى پەدرە - جەســـان - زرباتیە لە کەل بەلێندەرێکى عیراقى

Syed ep epa Institut Kurd

میژووی ماد



٣٠١ دیاکۆنۆف نوسیویەتی
بڕهان قانع لە فارسیەوە
کردوویە بە کوردی

- ٢٨ -

نووسەرەکانی تر لە بارەی نووسینەوەی باس‌و سەنەدو سەرچاوەکانی میژووی مادەوە زۆر تر گومانیان پەیدا کرد ، بەڵام زاناو نووسەرە لیهاتووەکانی وەکـو (ماسپرو) (کە لـە میژووی کـونی میللەتەکانی ڕۆژهەڵاتەوە خۆی دەربارەی میژووی ماد بە تایبـەتی نووسراوی بەکەڵکی زۆرە) ئەو هیچ پەنای نەبردۆتە بەر ئەم جۆرە نووسین‌و بیروڕایانـە ، وە بێ ئـەوەی زیرەکانە دەسکاری باسەکان بکات ئەو زانیاریانەی کـە کە بە دەستی ئێمە گەیشتوە ئەویش نووسیونیەتەوە . (١٦٢) .

لە دوای پراشك ماوەیەکی دور کەسێك لـە زانایان‌و نووسەرانی زۆڕ ئاوا کتیبیکی تایبەتی لە بارەی میژووی مادەوە نەنووسی . بەڵام لە هەمان کاتا چەند جۆرو شێوە نووسینێك لە لایەن چـەند کەسانێکەوە ئەنووسرایەوە وە هەندێکیان زۆر جێگای سەرنج لێدان بوون وە ئەم جۆرە نووسینانە تا ڕادەیەك بوونە هـۆی ئەوە کە نووسینەوەی میژووی ماد پیویست بکات .

سالی ١٩٢١ (فورر) ئەوەی دۆزیەوە کـە سەرچاوە ئاشوریەکان باسی مادیان کردوە وە مادیـان بـە شاهەنشاهی‌یەکی سەربەخۆ داناوە . لە دوای ئـەم دۆزینەوەیە لێکۆڵەرەوەکان توانیان (کشتریتی) لـە سەرەتای سەدەی حەوتەمی پێش زایینی لە گەل میژووی دامەزراندنی شاهەنشاهی مادو ناوی تایبەتی (کشتریتی) لەگەل (فرائورت) ـ کە ناوی لـە میژووی هرودوتـدا هاتووە ـ بەڕابەر بکەن . لـە سالی ١٩٢٣ میژووی ڕوداوە ڕۆژانەکانی بابلیەکان لە بارەی لەنـاو چوونی ئاشورەکانەوە بلاو بووەوە ، زۆر بەسەر بلاو کردنەوەی ئەودا تێ نەپەڕی کە مانای زاراوەی (ئومان ـ ماندا) ڕوونـاك بووەوو بەم جۆرە گەلێك لەو ئەفسانانەی کـە میژوونووسەکان لە بارەی میژووی مادەوە هەلیـان بەستبو ، هەموویان فەوتانو لەناو چون .

هەروەها هەندێك زانیاری لە بارەی ئەو زمانانەی کە هیندی‌و ئەوروپایی مادو عیلام نین دۆزرایەوە ، بەڵام داخەکەم بە هـۆی کەمی ئـەو سەرچاوانەو گرانی ئوسلوبی زنستیانەیان زانایان‌و دانشمندان‌و نووسەران زۆر لە لێکدانەوەکانیان ئەترسان‌و لە ئەنجامدا ئەوەندەی کە پیویست بوو بە قسمەت نەبوو . هەندێك لـە لێکۆڵەرەوەکان ـ وەکـو (برکـ) و (هیوزینگ) و (کنیك) ـ کە ئەم ئەرکەیان خستە ئەستۆی‌خۆیان(١٦٣) ئەوانیش دیسان بەشێکی کەمیان بۆ لێـك درایەوە ، نووسینەکانی(هیوزینك) الهەینی‌ئەوانی‌تر پڕ مانا تر(١٦٤) وە زۆر جار بە ئەرمی سەرنجی خوێنەران ڕائەکێشێت . لە بارەی ڕۆژگاری پێشـتری میژووی هـۆزەکانی (زاگروس)ەوە نووسینەکانی (ئەشپیزر) ـ کە یەکێکە لە زاناو نووسەرەکانی هوزی هوری ـ زور گرنگ‌و بـە کەڵکە(١٦٥) . ئەوەی لەمیژووی ماد بکۆڵێتەوە ناتوانی پەنا نەباتە بەر نووسینە جۆربەجۆرەکانی (أ. هرتسفلد) لە بارەی ئیران شوناسی‌و کۆنە شوناسی‌و میژوویی‌و جوگرافیایی‌یەوە(١٦٦) .

(هرتسفلد) کە نووسەرێکی لێ هاتوو بە تواناو زاناو بیر فراوانە گەلێك لێکۆڵینەوەی جۆربەجۆری لـە باسی هەمە چەشنەو تایبەتیدا لێکداوەتەوە ، کە سەرنج دانی هەریەکیکیان ڕویەکی تایبەتی‌و ئەهمیەتێکی تایبەتی کەموزۆری هەیە . داخمان ناچی ئەم نووسینانە نـەك تەنیا ئەبنە هۆی ئەوە کە هەمو بیروڕای ناوبراو لـە بارەی ئەو مەسەلانەوە کە باسی لێـوە کردوون ناتەواون (لەم ڕووەو لە دواییدا قسەی لێوە ئەکەین) بەڵکـو لەبارەی شـێوەی نووسینەکانیشەوە شکستی بـە بەرهەمەکـەی ئەدات . ناوبراو لـە بارەی ئـەو سەرچاوانەوە کە سەلێنەراوون (یا بە هۆی خۆیەوە یان پیشوونان سەلماندویانە)وە هەروەها لـە بارەی ئەو مەسەلانەوە کە هێشتا نەسەلێندراوون وە یان بە تەواوی ناراستن ئەو بە بێ ڕیادو کەم و وردبونـەوەو بیرورا دەر خستنی خۆی هەموویان بەڕاست ئەداتە قەلەم وە بە جۆرێك باسیان لێوە ئەکات کە ئەڵێی ئەم باسـە زۆر ڕاستە . هرتسـفلد لەگەل سەرچاوە نووسراوەکانا ڕەفتارێکی سەیری هەیە ئەو نووسینانەی کە بە دەستی ئێمە گەیشتوە ئەو بە سودی‌بیروڕای خۆی‌و لێکـدانەوەکانی (ڕاستیان ئەکاتەوەو دەسکاریان ئەکات) وە یان هەندیکیان لێ ئەگۆڕێت (ئەگەرچی ئەم باس‌و لێکۆڵینەوانەش هەندێ جار هەر باسێکی سـادەی سەرپێی بێت) (١٦٧) ئینجا لەبەر ئەمە ئەوەی بیەوێ باوەڕ بـە نووسینەکانی بکات تێ ئەگەوێ . ئیران شوناسـەکان هرتسفلد بە زمان زانێکی لاوازو میژوو نووسـێکی کۆنەشوناسی لێ هاتو دانەنین ، وە کۆنەشوناسەکان بە زمان زان‌و میژوونووسی دانەنین بەڵام ئەڵێن لە بارەی کۆنەشوناسییەوە کەم تواناو لاوازە . بەڕاستی ئەگەرچی نووسینەکانی ئەو لە بارەی زمانەوە لەبەردەم ڕەخنـە گرانی زمانا خۆی ناگرێ بەڵام هەندێك جار زۆر سەرنج ڕاکێشێ‌و باسەکان بـە شێوەیەکی زانستیانە ئەرازێنێتەوە ، وە بیرورای کۆنەشوناسی ئەو ئەگەرچی

بڕوانە ل ـ٧ـ

بۆچی شاعەباس خۆشکی خۆی دا بە خان ئەحمەدی زەڵم..؟

نووسەکانی سەر بەحوکمداری (کلاوزەڕ)ی خوشکی دا بـە ئێران وەکو (مەردۆخ) بـە (خان ئەحمەد خان)ی زەڵم .. چۆن‌بەچێ کردنی چمکێك لـە کە لەو کاتەدا ئـەمیری تیرەی لەفەرمانەکانی حوکمـی ئیرانی ئەردەڵانەکان بوەو پایتەختـی دانەنێن .. ئەمە ئەوە دەرئەخا هاوینەشیان نیمچە شـاری کە ئـەو دو بەرگـە میژووەی زەڵم‌و خورماڵ بوە لە بنـاری (تاریخ مردوخ) بیروباوەرێك شارەزور ..

(مەردوخ) ئەڵێ : خـان ئەحمەد خان بە فەرمانی شـا عەباسی سەفەوی لەشکری کردە سەر عەشیرەتەکانی موکریان‌و ئەو سەرپێچی‌یەی تێك شکاندن کە لە دژی حوکمی سەفەویەکان بدەن .

نگەری دادا دەسەڵاتدارێتـی سەفەویەکان لە ئیران کەوتـە مەترسیەوە .. ئەو کـاتە ئەسفەهان پایتەختی ولاتی‌ئیران بوو ..

شاعەباس بۆ ئەوەی‌دەسکاری کاروباری ناو خۆی کوردەکـان بکات‌و خۆیان لێ نزیك بکاتەوە ئەڵێ : خان ئەحمەد خان ماوەی شەش مانگ گەمارۆی قـەڵای ڕەواندزی‌دا وە لە ئەنجـاما گرتنی قەڵاکە ئەبەسـتێ بە هاندانی بێوەژنێکی خێڵەکیەوە .

(کتیبیـکی وقایعـی ئاڵی ئاردەڵان) دەست نوسی فارسی کە لـە شوێن بنەماڵەیـەکی ئەردەڵانی لە شاری سنە بـە دەست هاتوە .. ئەم کتیبە لە سەدەی نوزدەیەمدا بنچینـەی دانراوەو دروسـت کراوە وەبەپردی (دەرگـەی خۆشناوان) بەناوبانگە .. وەکو ئەڵین (حاجی سابیر) ناوێـك داویەبەدروست کردن .. ئافەرم بۆئەوانەی بە کردەوە خزمـەتی مەشقی کاروکردەوەمان ، بـا نیشتمانەکەیان ئەکەن‌و خۆیان لەپێناوی ئاوەدان‌کردنەوەی وڵاتە خۆشەویستەکەمان خزمـەتی ئاشـتی‌دا ماندوو بکەین . خزمەتی ڕێگاوبان خزمەتی ئابوری نیشتمانەکەمانە

بڕایینە ! وەرن باکـردەوەی ئەم پیاوە جوامێرە بکەین بەسەر بۆئەوانەی بە کردەوە خزمـەتی

ـ خۆشاد کاروان ـ وێنەکەی بۆ ناردوین



ئاوێنەی ئاڵ

چیەن ئیسماعیل

١٢ شەوی ١٩٧٢

سالێکە من کۆڕاوی تۆم
سێ سەو شەستو چوار شەو ـ ڕۆژە
سووتاوی تۆم ، عاشقی تۆم
بۆ نیگایێك ، سااڵێ ڕێ بەدواتا ئەڕۆم
کەچی تۆی جوان ـ تۆی شیرینم
تۆی خاتوزین ـ تۆی وەك گەیلم
جارێ شەنی سەرنجێکتنادەی لە خەرمانی مەیلم
دە هیچ نەبێ ، تەنیا جارێ ، تاکە جارێ
لەکۆڵ شەیتان وەرە خوارێ
هەواێکم لێ بپرسە ، خۆ زمانت نافرێنم
سااێکە بولبول ئاسایی بۆت ئەخوێنم
کەچێ خۆ ئاسمان ناروخێ
کەچێ خۆ ئاگر ناباڕێ
ئەگەر جارێ ، تاکە جارێ ، بپرسی لێم
« چیت لێ ئەوێم ؟ »
چیم لێ ئەوێت
خانمی نازدار خۆشم ئەوێت
بە دەست خۆم نیە چی‌بکەم ، خۆشم ئ وێت
سێسەو شەستو چوار شەو ـ ڕۆژە
کۆڕاوی تۆم ، سووتاوی تۆم
هەر کە چاووم پێت ئەکەوێ
لە خۆشی‌یا قەستە بوو خۆم
قەستە بوۆم خۆم

کانونی دووەمی ـ ١٩٧٢

دڵشاد مەحەمەد ئەمین

منااێکی زیری زیرەکـە .. تەمەنی ١١ ساڵە ، هەر لـە ئیستاوە حەز ئەکـات گوێ بۆ شیعر بگرێ .. خۆی ئەڵێ ئەم شتانەم لەلا جوانەو دڵگیرە :

- جل‌و بەرگی ئەتەوایەتی
- سەمای میللی
- گۆرانی ڕەسەنی کوردی
- چیرۆکی پاڵەوانەکان
- ڕووە ڕازاوەکانی سروشت
- سەیرکردنی گوڵە گەنم
- هەڵپـەرکێی جەژنی نەورۆز .



ـ هەندێك شـیعری بۆ ناردبوین ئەگەر بۆ بڵاوکردنەوە بشیابایە بڵاومان ئەکردەوە .

جیهانگیری مناڵانە

ناراستی

ڕۆژێك مامڕۆی بەڕێگـادا ئەڕۆیشت لەناکاو توشـی کیسەڵێك بوو :

ـ مامۆ نەبی مام کیسەڵ .
ـ خۆش بیت مام ڕێڕی .
ـ ئەوە بۆ کوێ ئەچی .
ـ بەشـوێن هاوڕێیەکی دڵسۆزو بە وەفادا ئەگەڕێم بیکەم بە شەریکی خۆم .
ـ منیش هەر بە شـوێن یەکێکی وادا ئەگەڕێم .
ـ کەوابو با ببینە شەریك
ـ باشە ... چی‌بکەین .
ـ گەنم بچێنین
ـ زۆر باشە

(ڕیوی بەڕێڵو درێو دەڵسە هەمو ڕۆژێك خۆی لەفرمان

جەنگەر بەرزنجەیی ●

سەعدی شیرازی

فەیلەسوفێکی ڕەسـەنی ڕۆژهەڵاتی زەمینە ... سەدەی‌شەشەمی کۆچی تەنیا ئەو شانازیەی لـە پیری ئەکردەوەو ، بە زمـان نوکتەی شیرینی ئەپڕژان‌و ، بە دەست‌و پەنجەکانی یادگـاری بەکەڵکی بۆ ئێمە تومار کردوە ... سەعدی وەکو کانیاوێـك بۆزەتە سەرچاوەی گەلێك باس‌و خواس‌و بابەتی ئەدەبی‌و پەندو ناموژگاری بەکەڵك‌و نمونـەو بەڵگە هێنانەوەی ئەمڕۆمان ..

سەعدی لەڕواڵەتا تەنیا کەسێك بو بەڵام لەناو دەرون‌و میشك‌و لەسەر زمانیا بەڕێی ئـەو ڕۆژگـارە) کۆمەڵگایـەکی پیشکەوتو بوە ..

بیاەڕەوی‌و دەرویشی پیشەی زیانی بوو .. تا ئەو ڕۆژەی دنی لە لێدان کەوت ئاموژگـاری‌و پەندەکانی لە میشکەوە ڕیچکەی ژین ئەبەستـو لـە نوکی قاقەز بۆ ئەوەی ئێمەش لـە چـاوو هەستو بیرمانەوە بینژشین‌و تینوێتی میشـکمانی غەزنەو پەنجاب‌و هیندستان لە وت : تۆ حەز ئەکەی شارێك بەم شێوە وەربگرێ .. جگە لەوەش قسەی خۆمان بێ ! پیویستی بە دەسکاری کردن ئەکرد .. نازانم بۆچی نوسیوتە (گۆرینی محمد دڵپاك) بۆچی نەتنوسیوە (محمد دڵپاك کردویە بەکوردی) .. تۆ چاو لەوانە مەکە کـە ئەنوسن (گورینی : فلان ، یان ئامادەکردنی فلان) !! با منو تۆ بەکوردیەکی ڕەسەن بنوسین و بخوێنینەوە !.

× کاك گەردۆ لادێی :

ئەو باسەی لەسەر (بیرون)ی شاعیرو شۆڕشگیر نوسـیوتە زۆر کورتە .. ئەو مانایـە ناگەیەنی‌کە تینوێتی خوێنەرانی پێ بشکێ .. بێ قەزابی ئـەبوا هیچ نەبێت بۆ نمونە چەنـد دێڕێك لە شـێعر وە یـان بەرهەمەکانیت بۆ بناردینـایە بە کوردی ..

× کاك محی‌الدین شیخانی :

وابزانم (المعلم الجدید) بەو جۆرە بە کورتی لەسەر جیمس م. وایتفیلدی نەنوسـیوە .. سەرەتای باسەکەتان ڕونە بەڵام لە کۆتاییەکەیا ڕێگا لەبـەردەم خوێنەران هەڵە ئەکات ..

× کاك ئیبراهیم عوسـمان ڕەشید :

قوربان شیعرەکانی جەنابت هێشتا ماویە ببێ بە شیعر ! لە قۆناغی سەرەتای قسە دایە .. ئەگەر کەرەسەی فیکـری نوسینی تەواوتان هەبێو زۆرتر بیر لە شیعرو کێشو ناوەرۆك‌و سۆزو سەرواکانی بکەیتـەوە ئێمەش سوپاست ئەکەین .

× کاك وەلید بەکر ئەیوب:

ئەگەر هەندێك وشە هەیـە لە شوێنی خۆیدانا بەکاریان بێنی ئەتوانی لـە مەیدانی ئـەدەبا سەرکەوی .. ئەگەر ئەوەندەش خۆت بە شیعرەوە خـەریك نەکەی‌و خۆت بە سـۆزی خۆشەویستی دەسگیرانەکەتەوە نەبەستیتەوە (دەسگیران بـە مانا ئەو شتەی کە ڕێزی لـێ ئەگری) پەل بهاویە سـەر لقەکانی تری ئەدەب‌و لە پەنای ئـەو خۆشەویستی‌یەشـدا جاروبار دەردە کۆمەڵایەتیەکانت بیر بکەوێتەوەو زەحمەتکێشەکان فەرامۆش نەکـەی ئەتوانی خزمـەتی ئـەدەب‌و ئـەدەبی نەتەوەکەت بکەی . ئەمـەش نمونەیەکە لە شیعرەکانت :

ئەی دەسگیران
من وا هاتوم
ئەنگوستیلەی
سەرەتای یەکەم دادەریم
لە پەنجەی ناسك‌و جوانی
وەك شمشاڵ‌و ...
بلورت کەم
سۆزی هەڵچوی ناگراویم
لە بەفراوی جوانی تۆدا
دامرکێنم ...

× کاك فەهد لە هەولێر :

کورد شاعیری یەگجار زۆرە ئەگەر ببی بـە چیرۆك نوس باشـتر ئەتوانی خزمـەتی نەتەوەکەت بکەی ..

× کاك فەیسـەڵ بتباس :

جگە لەوە کـە ئەبوایە بت نوسیبایە (ئەم شیعرەم لە فلان گۆڤارەوە وەرگـرتوە یان هی فلان شاعیری ...)ە هێشتا ئەگەر ئێمە بەزمانی کوردێکەوە بیبیێین ناگونجێ ئەو دۆخەی ئەم شیعرەی تیا وتراوە لەگەڵ دۆخی ئەمڕۆی ئێمەدا جیاوازە ..

× کاك‌عەتا زانا لەسلیمانی:

ئەو کورتە بەسەرهاتـە یان بڵێین سەر گورشتەیەی‌جەنابت بۆت ناردوین سەرزەنشـتی ئەوە بوو کە ماوەی نەدا فرۆفێـڵ‌و پیلانی سەفەویەکان لە ڕیگای خزمایەتی‌و ژن‌و ژن خوازیەوە بەسەریا زاڵ بێت‌و تەفـرەی بدەن .

ـ ئەردەلان ـ

ـ وریا ـ

پۆستەی خوێنەران



× بۆ خاوەنی سـەروەی هەناسەیەك :

ئەگـەر سـەرنجی باری پیویستی‌یەکانی ڕۆژگارو دۆخی ئەدەب‌و ڕێبازی ڕۆژنامەگـەری ئەمڕۆو ئەرکەکانی سەرشـانی بدەیت وابزانم گلەیی ناکەی کە بڕچی بەرهەمەکـەتان بڵاو نەکراوەتەوە !

× کاك محەمەد دڵپاك لـە هەولێر :

کاکی برا .. ئەو چیرۆکەی بۆ منااڵنت نووسیوە زۆر درێژە منال بەپێی وزەی خۆی ئەتوانێ ئەوزیەوە ... تا خـەرمان چۆن گەیشت) .

ـ مـام ڕێوی فەرمو با خەرمانەکە بەش کەین .
ـ وا نابێ .. ئەبێ هەردوکمان پێکەوە ڕابکەین کێمـان زوو گەیشتە سەر خەرمانەکە هەمو گەنمەکە بۆ ئەو ..

(کیسەڵ لە دڵی خۆیا بیری کردەوە چۆن ئەم گرەوە لە ڕیوی بباتەوە ، وتی سبەینێ وەڵامت ئەدەمەوە ، ئەو شەوە چوە لای هاوڕێیەکی کیسەڵی‌و باسەکەی بۆ ئیرایەوە هاوڕێکـەی وتی زۆر ئاسانە .. من سبەینی زو ئەچمە سەر خەرمانەکە ئەتۆەش گرەوەکەتان بکەنو ڕاکـەن بۆ سەر خەرمان کە ڕێوی دێت من لەوێ ئەبینێو گرەوەکە ئەدۆڕێنێ .. بەم جۆرە ڕیوی گرەوەکـە ئەدۆڕێنی ..)

هەمو ڕۆژێك خۆی لەفرمان

جەنگەر بەرزنجەیی ●

خەنەیەکی ناسك

● دادەر بە شاهیدەکـەی‌وت :

ـ ئەو بـەردەی بارام مالی‌بەسەر ئەم پیاوەدا چەندە ئەبو
ـ بڵێم چەندە ئەبو ؟!
ـ ئەوەندەی سەری من ئەبو؟
ـ بەڵێ ئەبو ، بەڵام بەردەکەپتەو تر بوو ..

✧✻✧

● ژنێ مێردێك هەمو ڕۆژێ‌ئەبو بەشـەڕو دەمەقاڵەیان ، ڕۆژێك پیاوەکە بە ماتەمیـەوەئەچێتە دەرەوە ، کوڕەکەی بـە دایکی ئەڵێ :

ـ توخوا دایە ئەگەر وەختێ‌خۆی شوت بە باوکم نەکردایە حاڵمان لە ئیستە باشتر نـەئەبو ..

* ئەوردۆ لادێ ناردوینەتی *

Institut Kurde de Paris

وەرزش لە هەفتەیەکدا

سودی وەرزش چیە ؟

بی‌گومان وەرزش تەنیا بوئەوە نیە کەهەر یاری کردن بی بەلکو بو ئەوەشە کە رەوشتی جوان بگەینی بەهەستی یاری کەران وسەیرکەران وەکو لی بوردن ودل پاکی وجگە لە پەیوەندی برایەتی یاری کەران وهەستی کومەلایەتی ودوستایەتی بەینی گەلانی جیهان بەهوی سەرلیدانی یاری کردن ، جالەبەر ئەوە وەرزش ئەم شتە بەسودانەی لێ پەیا ئەبی پێویستە پشتیوانی بکری وبەهیز کری .



تیپی سۆزان لە سلیمانی

هەوالەکانی جیهان

یوغوسلافیا لەفوت بولیندا بەسەر ئیتالیا دا سەرکەوت .

پالەوانی سوفیتی فالیری بوستیسفن لە قورس هەلگرتن لە کۆڕی یاری قورس هەلگرتنی جیهاندا کە لەمانیللا پایتەختی فلپین‌دا ئەگیرری یەکەم دەرچو ویلەی ئەوقورسیە گەیشتە ٢٨٠ کیلو غرام ودوهەم کەسی یورگن سیسکی بو لە ئەلەمانیا دیموکراسی کە ٢٧٧٫٥ کیلو غرامی بەرز کردەوە .

سوریا لە فوت بولین لە کۆڕی پالەوانیەتی کاسی (قنیطرە) لە دمشق ب ٢ - ١ خال بەسەر لیبیادا سەرکەوت .

تونس لە یاری (طائرە) ب ٣ - ٢ خال بەسەر بلغاریادا سەرکەوت .

هەوالی کوردستان

وەکو لە ژمارەی رابوردودا باسمان کرد کە ئەم گۆشەیە زیاترین کرنگی بە جولانەوەی وەرزش لە ناوچەکای کوردستانا ئەدات و بوبەدی هینانی ئەم ئەرکە داوای یارمەتیمان لە هەمولایە کرد بو بلاو کردنەوەی هەوالەکانی تیپ ویانە وەرزشیەکان . جا توانیمان چەن هەوالیکی چالاکی تێپکی کوردستان لە شاری سلیمانی خوشەویستەوە وەرگرین و سەرکەوتنەکانی بلاو کەینەوە هیوادارین لە ژمارەی داهاتوماندا هەوالی بایەخ دارمان پی بگا . ئەوتیپەش تیپی فوت‌بولینی (سوزان)ە وەهەر وەکو هەوالەکانی ڕا ئەگینی ئەم تیپە قارەمانە جیگای هیوا وشانازیە بەهوی چالاکی سەرکەوتنی لە زۆر یاریدا کەبەم جورەیە .

لە دەورەی یەکیەتی سەروی توپێن‌دا سەرکەوتوە وجگە لەوە لەم یاریانەشدا لەگەل ئەم تیپانەی خوارەوە سەرکەوتوە .

- لەگەل تیپی ئاسۆدا ٢-١ ، لەگەل مهراکۆدا ٢-٠ لەگەل هێرش‌دا ٢-١ ، لەگەل کوردستان‌دا ٢-١ ، لەگەل دیلان‌دا ٣-٠ ، لەگەل هێرودا ٢-٠ ، لەگەل هونەردا ٣-٢ ، لەگەل لاوانی مەلکەنی‌دا ٣-٢ ، لەگەل جوانڕۆدا ١-١ ، لەگەل ئافین‌دا ١-١ بەلام بەرامبەر تیپی کەمال سەلیم دوڕاندی بەڕاستی ئەم جۆرە تیپە جیگای شانازیە . هیوادارین تیپەکانی کوردستان بگەن بە پلەی یاریەکانی جیهانی و هینانەدی سەرکەتن بۆ بەرزکردنی ناوی گەلە قارەمانەکەمان .

وسەرۆکی ئەم تیپە چالاکە کاك رزگار نەریمانە وسەر پەرشت کەری مەشق کردنیان کاك أمیر محمدکرمیە وئەندامانی تیپەکە ئەمانەن : شیروان عبدالله - سالار احمد - عمر محمد أمین - جمال جلال - نەبە محمد - نوری محمد - فرهاد احمد - و أمیر محمد أمین .

هەولیر : کاك هوشیار کۆی لە هەولێرەوە نامەیەکی بو ناردوین تیایا بەکورتی و ڕوون جولانەوەی وەرزشی دەر بڕیوە و لەو نامەیەدا ناوی (٩) تیپی بو ناردوین کە چونەتە کۆڕی یاریەوە لەسەر کاسی (بەرەی نیشتمانی پیشکەوتوخواز) ، وتیپەکان ناویان بەم جورەیە ، تیپی زانیاری ، زاگرۆس ، سەفین ، انتصار ، لاوانی عەرەب ، اسکان ، چیمەن ، بروسك ، ولاوانی قەلات ، و لەئەنجامی چەن یاریەکدا بو دیاری کردنی دوو تیپی بەهێز تیپی لاوانی عەرەب واسکان بۆ چونە ناو یاری لە سەر کاسەکە دیاری کران . وەئیمە سوپاسی کاك هۆشیار ئەکەین هیوادارین بەردەوام بێ لە یارمەتی و هەوال ناردنی بایەخدار و بەنرخ ، هەروەها هیوادارین لە هەمو شارەکانی کوردستانەوە هەمو جورە هەوالیکمان پی بکات ، تاکو بتوانین ئەم گۆشەیە بکەین بە ئاوینەیەکی راستەقینەی وەرزش لەناو چەکانی کوردستاندا .

هەوالەکانی ناوخو

● تیپی (الجبهة الوطنیە) لەگەل مینادا ٢-٢ بەرامبەر بون بەلام لە قورعەدا مینا سەرکەوت .

● تیپی سەللەی هومنتمن (درجە سیهەم) بەسەر تیپی (مرکز شباب الکرخ)دا بە ٧٩-٤٣ خال سەرکەوت .

● بەسەر پەرشتی پاریزگەری بابل و لەمەیانی یانەی حلەدا چوار تیپی بەهێزی (سللەی) عیراق یاریان کرد بۆ هینانەدی پالەوانیەتی وولات لەم یاریەدا و ئەو تیپانەش بەشدار بون . تیپی یانەی (اعظمیە ، یانەی دیوانیە و دوویانەی بابل و حلە بون ویارەیەکان بەم شیوە بون .

أ - یانەی دیوانیە بەسەر حلەدا ٣٧-٣٤ خال سەرکەوت .

ب - یانەی (اعظمیە) بەسەر حلەدا ب ٤٣-٣٠ خال سەرکەوت .

ج - یانەی بابل بەسەر حلەدا ٤٢-٢٨ خال سەرکەوت .

د - یانەی دیوانیە بەسەر (أعظمیە)دا ٤١-٣٩ خال سەرکەوت و لەئەنجامی کۆتای هینانا بۆ دیاری کردنی بەهیزترین تیپ . تیپی یانەی دیوانیە بەسەر یانەی (بابل)دا ٣٢-٣١ خال سەرکەوت و لەکوتایدا بەڕێوەبەرایەتی یانەی حلە چەن خەلاتیکی دابەش کرد بەسەر تیپەکاندا .

● تیپی فوت بۆلینی (کلیە الشرطە) بەسەر تیپی یانەی جزائر لە ذی قار ٢-١ سەرکەوت .

تیپی ئافرەتانی یانەی ئاسوری لە (طائرە) بەسەر تیپی (اعظمیە) دا ٢-١ سەرکەوت - هەر وەها تیپی پیاوان لە هەردو یانەی ناوبراو چونە کۆڕی دوهەم یاریەوە . لە ئەنجامدا تیپی (اعظمیە) بە ٣-٢ سەرکەوت .

پاشماوەی / پۆستەی خوێنەران

هەندێك ئافرەتی لادێ نشینی کوردەواری ئەکات .. ئینجا ئەمە کێ ئەگرێتەوە ، ئەگەر ئافرەتێك بەبێ قوتابخانەو لەناوچەیەکی دواکەوتوو لەناو پاشماوەکانی رێژیمی دەرەبەگایەتیداو ئەرکی زۆر لێکردن‌و چەوساندنەوەو خۆ نەناسین‌ودا بژی چۆن بەو جۆرە چارەسەرو تیماری ئەم هەمو دەردە کوشندانە ئەکرێ ..؟.

× کاك عەبدولوەهاب عەبدول بەرزنجەیی لەسلێمانی:

ئەو رێبازەی گرتوتە بۆ نوسین بە کەلکە ، بەلام ئەو نوکتانەی بۆ ئێمەت ناردون زۆر بیستراون‌و هەندێکیشیان (با کەس گوێی لێ نەبێ) ! بۆ رۆژنامە دەس نادەن .. چاوەروانی نوکتەی نەبیستراوت ئەکەین وەکو هینەکانی (خالە رەجەب) ..!

× کاك عەلی ئەردەلانی :

باسەکەی میخائیل لومۆنوسۆف تا رادەیەك سەرکەوتوانەیە .. بەلام بێ قەزابی ئەبوا نمونەیەك لە بەرهەمەکەت بۆ بناردینایەبۆ ئەوەی‌خوێنەران نەلێن ئەم شاعیرە بەم لێ هاتوییە ئەی نمونەی بەرهەمەکەی کوا ؟.

× کاك صادق رسول لە هەولێر :

ئەو پەندانەی بۆت ناردبوین هەندێکی بلاو کراوەتەوە ، هەندێکی تریان لەگەل رێبازی رۆژنامەگەری ئەمڕۆدا دەس نادات ، هەندێکیشیان بۆ بەربەرۆچکەو بەر کورەی مزگەوت دەس .. ئەمانەمان لێ هەلبژارد :

- دانوی لەگەل کەسدا ناکولێ .
- زۆر وتن لە بێ دەسەلاتیە .
- مانگی چواردە هەوەجەی بە ئەنگوست نیە .

×

× کاك ئازاد عەبدولواحید حەویزی :

ئەمەندەمان لەفولکلۆرەکەتان هەلبژارد :

شلەوخانە داد
ئاوی گولانم گەرمە
هەلاتن لۆ مێردان شەرمە
شلەو خانەداد
ئاوی گولانم کەفە
هەلاتن لۆ مێردان حەیفە
شلەو خانەداد
ئاوی گولانم سورە
هەلاتن لۆ مێردان دورە
شلەو خانەداد
ئاوی گولانم زەردە
هەلاتن لۆ مێردان دەردە
شلەو خانەداد
ئاوی گولانم شینە
هەلاتن لۆ میردان نینە

×

× کاك کاروان کەمال محمد صدیق :

پارچە شیعری « ملۆزم » بۆ بلاو کردنەوە دەستی نەدا ، چونکە هەندێك وشەی تیابو کە شایانی بلاوکردنەوە نەبون .

× کاك ئەنوەر محەمەد لە سلێمانی :

باسەکەتان وەکو نوکتە وایە ئەوەی ئێوە بەو دزەتان کردوە رۆژگار پێی نەکردوە .. باب‌و باپیرانمان راستیان کردوە وتویانە (دزی ناشی کادێن ئەبڕێ !) .

× کاك حەیام حەمە صالح لە سلێمانی :

لەبەر ئەوەی شیعرەکەتان کورت بو ئەوا هەموی لێرەدا بلاو ئەکەینەوە :

لاتریسکەم لێ مەبەستە
..... دڵم پەستە
ئەو رازەی کە لە دڵمایە
بە سەرنجێك لەبن نایە
دەتۆش وەرە
دەستەویەخە
دەرگای پەستیم لەسەر داخە

× کاك تایەر نانەکەلی لە هەولێر :

ئەوەی بە دەستی ئێمە گەیشتبێ یان بلاو ئەکرێتەوە یان وەلامی ئەدرێتەوە .. حەز ئەکەی پرسیاریکیش لە گۆڤاری بەیان بکە نەوەك بۆ ئەوێت ناردبێ و بیرت نەبێ برا !..

- ئەو قاقەزانەی تر کە ماون هەفتەی داهاتو قسەیان لێوە ئەکەین . ئیتر سوپاس ..

پاشماوەی : قاسم ..

و - بێگومان ، بەرچاوم روونە !

پ - (دوزەلە - کەمان - شمشال - ئوکوردیون - زورنا - ساکسیفۆن - دەهۆل - جاز - دەف - تەمبورە) دەنگی کامەیان ئەتخاتە جوڵەو بۆچی ؟

و - کەمان - شمشال - ئوکوردیون ، نازانم بۆچی ؟!

پ - ئەی ئەم ناوانە چی ئەبەخشن : (کوردستان - ئاگر - کورد - لینین - گۆران - حسن زیرەك - قاسم فرج‌الله - جوانی) ؟

کوردستان : دایکی میهرەبانمە .

ئاگر : زستانی کوردەواری .

کورد : زمان‌و خاك‌و نەتەوەیەکی مەرد .

لینین : سەرۆکی شۆرش‌گێرانە .

گۆران : شاعیرێکی رەسەنی کوردە .

زیرەك : گۆرانی بێژێکی ناودارو رەسەنە .

قاسم فرج الله : کوردم ، قوتابیم ، گۆرانی‌بێژم ، جوانی پەرستم .

جوانی : چاوی ، پرچی ، گچکەی کچەکورد .

پاشماوەی : ئوپەریت

دەست بەجێ « ئامنزیس » هەستدەکات بەرامبەر خەنیمی خۆی وەستاوە روو لە « عائدە » دەکات‌و دەیدوێنێ نەك وەك کویلەیەك بەلکو بەچەشنی خوشکێکی خۆشەویست لە پاشان بەشێوەیەکی رووکەش لێی دەپرسێ : « خوشکە بۆچی دەگریت ؟ » « عائدە »ش وەلامی دەداتەوە کە ئەوشتە خەمباری کردوە چونکە بیستویەتی : (نیشتمانەکەی کە حەبەشەیە دەچێتە ناوکۆری شەرەوە) . بەلام « ئامنزیس » هەروەکو بیری مێشکی « ردامیس »ی خویندەوە هەروەهاش توانی بیری مێشکی « عائدە »ش بزانی کەچی تێدایە بۆیی لەوقسەش بەگومان بوو . جاپێکەوە بە هەلبەست‌و گۆرانی لەگەل مۆسیقا هەریەکە ئەوەی لە لدیایە ، چ ئارەزوویەکی هەیە دەری‌دەخات .

شەیپور دەنگی‌بەرز دەبێتەوەو تیپی مۆسیقای « شا » دەنگی دێت پیشانی‌دەدا کە « شا - فیرعون » بەرێوەیەو « رمفیس »و هەندێ کاهن‌و سەرۆکانی سوپاش لە دوایەوە دەرۆن .

کۆبونەوە دەست‌پێ‌دەکات زۆری پێ‌ناچێ تەتەرێك دێت‌و بەقورگێکی پر لە تریان دەڵێت : (حەبەشەکان هێرشیان هێنایەسەر میسر کشت‌وکاڵیان پێ‌شێل‌کرد بەلام « تیبە » مەردانە وا بەرامبەر داگیرکەران وێستاوە . مرۆڤێکی رقاوی‌و خۆین رێژ سەرپەرشتی سوپای « ئاسوبیەکان » دەکات ناوی « ئاموناسر »ە هەمووکەس دەزانی ئەو پیاوەکێیە ، شای حەبەشەیە . « عائدە » دەزانی باوکیەتی لە بەرخۆیەوە دەڵێت : (باوکت چی کرد ؟) لەو ساتەش‌دا بانگ‌و هاوار بڵند دەبێ ! « هەموو بۆ کۆری شەر » شاش هەموو دل‌نیا دەکات کە « ئیزیس » ، « ردامیس »ی هەلبژاردوە لەو شەرەدا سەرۆکایەتی لەشکری میسر بکات . جاداوا لەئەقسەرە لاوەکەدەکات دەست بەجێ بچێ بۆ پەرستگای « فولکان » بۆ ئەوە خواچەك پۆشی بەشداری لەو شەرە پیرۆزە دابکات .

وەرگێر محمد تۆفیق ووردی

- ماوێتی -

پاشماوەی ٨ مێژوی ماد

لە بارەی گەلێك باس‌و بابەتەوە لاوازە بەلام لەگەلێك شوێن‌دا بەگەرمی سەرنج رائەکێشێ‌و بایەخی هەیە . کتیبەکانی (هرتسفلد) لە بارەی کۆنەشوناسیەوە کە پێشتر کەس باسی لێوە نەکردوەو یەکەمین جار بلاوی کردۆتەوە ئەمە ئەبێتە هۆی ئەوە کە ئەهمیەتی پێ بدرێت .

بەلام وەکو وتمان ئەبێ بە سەرنجدان‌و لێکدانەوەیەکی وردەوە سود لە نووسینەکانی هرتسفلد وەربگرین ، وە بەر لەوەی هەرباسێکی لێ وە بگرین ئەبێ لە پێشا بی‌دەینە بەر سەرنج‌و باسەکە خۆماڵیانە شی بکەینەوە . چونکە ئەو (تیئوری) یە میژوییەی کە لە کتیبەکانی ئەوا هەیە راست نیە .

زاناو نووسەرانی رۆژئاوا لە سەردەمی رابوردوا لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا میژوویان وەکو باسی لەشکرکەشی‌و ناوی پادشایان دائەنا بەلام زانیاری رۆژئاوا لە روژگاری دواییدا تێکۆشاوون کە (تیئوری) بیرورای جوربەجۆری تایبەتی خۆیان لەناو میژوەکەدا پێش بخەن .

(ئەو تیوریانەی) کە دانشمندان‌و زانایانی ناوبراو لە زانستی میژوودا بەکاریان هێناوە چەند جۆرێکە ، لەبارەی میژووی مادەوە سودیان بەخشیوە ، بەپێی تیئوری ناوبراو لەگەل ئەوەدا لە میژووی ئەوروپادا بە نۆرە رۆژگاری فیوداڵەکان‌و سەرمایەدارەکانیان کردوە بە جێ‌نشینی یەکتر (کۆمەڵگای کۆنی یۆنان و روم بەشیك لەم‌روژگارەن) ئاسیا تا هەتایە لە رۆژگاری فیوداڵەکانا مایەوە گوایا هۆزەکانی ئاسیا توانای سەربەستی‌و بەرزبونەوەیان نەبو . بە پێی بیرورای ئەوان لەو کاتەدا رەوتی میژوو بریتی‌بو لە پیاهەڵدانی (هۆزە خاوەن دەسەلاتەکان) کە کۆمەڵێك لە (بارونی فیوداڵەکان) خویشیان ئەزانن ، وە ئاشکرایە کە لەناو ئەوانەدا مەسەلەی پیشەوایەتی پەیوەندی بە (ئاری) یەکان ، یان وەك تر بڵیین بە شێوەی گشتی بە هیندو ئەوروپاییەکانەوە هەبووە .

ئەم (تیوری)یە لەبیرورای زوربەی هەمو ئەو زاناو نووسەرانەدا چەسپاوە وە هرتسفلد خۆی بە ناچاری لەساڵی ١٩٣٤ دا خاکی ئەڵمانی (ئاریانژاد)ی بە جێ هێشت ، لەگەل ئەوەشدا کە ئامۆژگاری کەرو بلاو کەرەوەی ئەم (تیوری)یە بووە (١٦٨) .

لە ماوەی سەدەی بیستەمدا ئەو نووسینانەی کە بە تایبەتی لە بارەی میژووی مادەوە نووسراوەتەوە بەرە بەرە کەم بوەوە ئەو باس‌و نووسینانەی نووسەرەکانی سەردەمی کۆن کە لە راستیەوە دور بوون بڕیان نەکرد ، زانیاری رۆژئاوا لە بارەی پێك هێنانی میژوویەکی رەسەنی زانستیانەی ماد دۆش داماوە چونکە ئەو تیوریە کۆنانە بە پوچ دائەنێ‌و راستی تازە دۆزراوەی میژوی مادیش بە ئاسانی دەست ناکەوێ .

لە ماوەی (٢٥) ساڵی دواییدا تەنیا ئەتوانین دوو سێ نووسراوە باس بکەین کە نەك بەتەواوی بەلام تارادەیەك بۆ میژوی ماد تەرخان کراوون . ئەوانەش بریتین لە نووسراوەی (کنیك) بە ناوی (کۆنترین میژووی مادی هاوچەرخی پارسەکان) وە کتیبەکەی (کامرون) لە (میژووی ئیرانی کۆن) دا ، وە نووسراوەی (گیرشمن) بە ناونیشانی (ئیران لە سەردەمی کۆنەوە تا ئیسلام) (١٧٠) .

(کنیگ) زوربەی لێکۆڵینەوەکانی خۆی بۆ ئیران لە سەردەمی هەخامەنشیەکان‌و عیلام‌دا تەرخان کردوە ، ئەو شتەی کە لە نووسینەکانی ئەوا زۆر جار و لە هەمو جێگایەکدا دەسەلات‌و بەرز فڕینی هیزی سوارەی ئێران بەرچاو ئەکەوێ ، نووسراوەکەی ئەو لەم روەوە تەواو دەرناچێ . (کنیگ) هەروەکو (هرتسفلد) لە هەمو بابەتیکداو لە هەمو شوێن‌و کاتێکدا پشت بە خۆی ئەبەستێ‌و قسە ئەکات . بەلام لە نووسینەکانی (هرتسفلد) دا بیری سەرنج راکێشەرو وتەی گونجاوو تیبینی ورد ئەبینرێت . کەچی ئەم‌شتانە لەنووسینەکانی (کنیگ)دا شوێنەواریان هەر نیە . (کنیگ) خرابترین رووی نووسینەکانی دانشمەندانی رۆژئاوا ، سەردەمی رابوردووی زۆر بەگەرمیەوە وەرگرتووە وە شتە پڕوپووچەکانیانی گەورە کردوە ، وە بیرورای بێ بناغەی تیا داناوون . هەروەکو لەگەل ئەوەدا کە مانای زاراوەی (ئومان - ماندا) ماوەیەك لەوە بەر رۆشن کراوەتەوە ، کەچی (کنیگ) لە پاڵێمی ئەم وشەیەوە بە هەوەسی خۆی نووسیویە . (بابلیەکان)ی رۆژگاری دوایی ، مادەکان‌و هەمو هۆزەکانی ژورویان (مەبەست ژوروی بابل) . بە (ئوما - ماندا) ناو ئەبرد . بەلام (کنیگ) ئەڵی ئەوانە خەڵکی دەریائی بوون . (بە کورتی یونانی وەیان جەرمەنی بوون) کە بە هۆی بلاوبوونەوەی شارستانیتی‌و فەرهەنگەوە پادشایەتی گەورەی هیندو جەرمەن (١٧١) یان دامەزراند ، ناوی تایبەتی ماد کە ناتوانین بە ناوێکی ئیرانی دابنێین .. ئەمە ناوێکی ئەڵەمانیە (١٧٢) لەوە ئەچێ ئەمەی بۆ ئەوە کردبێ کە کتسیاس لە بیرورا هەڵەکانی پاك بکاتەوە (١٧٣) .

- ماوێتی -

پاشماوەی : کەمایەتیەکان

هەرەوەزکاری تیادا دامەزرا . لەهەموو لادێ‌و شرەکانیسی‌دا رۆڵەکانی ئەو کەمایەتی‌و قوتابخانەی سەرەتای‌و ئامادەی نەتەوانە لەقوتابخانەکاندا کراوەتەوە وە هەموو ساڵی بەزمانی زگماکی خۆیان چەندین قوتابی ئەو کەمایەتیانە ئەخوێنن شان‌بەشانی رۆڵەکانی لەزانستگاکانی پەکین‌و تێکڕای گەلانی چین بێ‌وچان شانگهایی‌و شارەکانی‌تر لەپێناوی چەسپاندنی وەرئەگیرێن بۆ تەواوکردنی سیستەمی سوشیالیستی لە خوێندنیان . وڵاتەکەیاندا تێ‌ئەکۆشن .

ئێستاکە (٥) زانستگا لەناوچەی تسینجیانگ‌دا هەیەو

نووسینی : تساو تسون
وەرگێڕ : هەڵۆ

پاشماوەی : گەلی‌پورتوگال

هێزەکانی پولیس نقەیان کە گەلی پورتوگال‌و هێزە نەکردو بگرە زیاتر ئاگری ئەو پێشکەوتنخوازەکانی زور لە ئاژاوەیان خۆشتر ئەکرد . پیلان‌و نەخشەی دوژمنان هەرچۆنێك بێت نکولی لە بەهێزترن‌و چۆن رێژیمە هێزوتواناو جموجوڵی فاشستی‌یەکە پێشویان رینده کۆنەپەرست‌و دوژمنانی گەلی بەچاڵ کرد ئاواش هەموو پورتوگال ناکرێت .. بەلام پیلانێکی کۆنەپەرست‌و نابێ نکولی لەوەش بکرێت دوژمنان پوچ ئەکەنەوە .

لابەلا :

١ - باڵدارێکی ماڵی‌یە .
٢ - .....
٣ - مۆمی پێ ئەکوژێتەوە .
٤ - قسەی بەچاکی بۆناکرێ .
٥ - سەرنجدان‌و وردبونەوە - تێبینی - .
٦ - کتێبیکی زانیاری‌بەنرخە .



٧ - ناوی رەنگێکە .
٨ - خۆمانی لەسەرما پێ‌ئەپارێزین .
٩ - شتێکی بەنرخە .
١٠ - شاعیرێکی کوردی کرمانجی بەناوبانگە .

سەرەو خوار :

١ - میوەیەکە هاوین پێ‌ئەگات .
٢ - پیایا ئەڕۆی .
٣ - وشەیەکە .
٤ - لە کوردستانا بەزۆری‌چێشتی پێ لێ ئەنرێ .
٥ - نەخۆشی لەناو ئەبات .



٦ - یەکێکە لە پاریزگاکانی کوردستان .
٧ - پێچەوانەی راستگۆیە .
٨ - گیان لەبەرێکی سودبەخشە .
٩ - خۆشەویست نیە (لەبارەی ئاینەوە) .
١٠ - لە خۆیەوە هەڵ ئەچێ‌وبەرز ئەبێتەوەو ئەڕوات .
١١ - بەسەر رێگادا ئەڕوات .
١٢ - پێچەوانەی هیمنی‌یە .
١٣ - نازناوی شاعیریکی کلاسیکی کوردە .

وریا خضر ئەحمەد

institut kurde de paris

گەشتێک لە چیکۆسلۆڤاکیا



ئەحمەد غەفور

پێشەکی

دەمێک بوو بە ئاواتەوە بووم گەشتێکی ئەوروپا بەتایبەتی، یەکێک لە ولاتە سۆشیالیستەکان بکەم. بۆ ئەوەی بە چاوی خۆم ببینم چۆن سۆشیالرمهاتۆتەدی، وە تا چ رادەیەک ئەم میللەتانە توانیویانە پلەی ژیانیان بەرز بکەنەوە. بڕواش بکەن، هەروەکو رۆشنبیرێک، خۆم بەڵێ پرسراو دەزانم بەرامبەر هەر وشەیەک کە دەینوسم، وە هەر چۆنێک بێت ببینم، بەپێی تێگەیشتنی خۆم پێشکەشتانی دەکەم. گومانیش نیە کە ئەمە لە ڕیبورتاجێک زیاتر نیە چونکە مازدو توانای ئەوەم نەبوە کەڵێ کۆڵینەوەی قوول بنوسم و بەدوای سەرچاوەی نووسراوونەنوسراودا بگەڕێم، تەنها باسی ئەو شتانە دەکەم کە بەچاوی خۆم دیومەو هەستی منی جوڵاندوەو بڕواشم وایە بۆخوێنەواری گەلە کلۆلەکەی ئێمە سوودی زۆرە.

ڕۆژی (١) ئاب

وابزانم ڕۆژی ٣١ی تەممووزبوو کەڕما لە بەغدا لە ٤٥ سانتیگراد پتر بوو. بێ گومان ئەمرۆش گەرمتر دەبێ. بەیانی بوو، هێشتا ڤێنەک بوو، ڕووماں کردە فرۆکەخانە بەغدا سواری فرۆکەیەک بووم لە چەشنی «ئەلیوشن» کە جگە لە تاقمەکەی (١٦٨) کەس دەگرێ. جێگاکانی زۆر خۆش بوون.

خزمەت کەرەکان (مضیفة) کە هەموو کچۆلەی چیکی بوون زۆر جوان و ناسک و پر نەزاکەت بوون پیاویان بە زۆری زۆرە ری دەهێنایە سەر باری ئەوەی کەدڵی لەلای کەس نەبی.

لە سەعات ٧ و ١٥ دەقیقەدا بەرەو بێروت فرین وە لە ٩ و ٥٠ دەقیقەدا گەیشتینە ئەوێ ٠٠٠ پاش ئەوەی نزیکەی سەعاتێک لە فرۆکەخانەی بیروت چاوەڕوانمان کرد، دووبارە چوینەوە ناو فرۆکەکەمان، پاش ئەوەی ماوەی ٣ سەعات بەسەر دەریای سپی و شاخ و دۆڵ و دەشتی بەلقاندا فرین لە ژوور پارچە هەورەکانەوە، کە گەلێک شێوەی سەیریان هەیە و جیاوازن لەوەی کە خۆمان لەسەر زمین دەیبینین. گەشتینە شاری پراگ.

ئەم کاتەدا هەڵبەستە جوان و بەنرخەکەی پیرەمێردی نەمرم کەونەوە یاد کە ئەڵێ :-

کاروان

جاران دە ڕۆژ بە هەچەهەچو بارە بەرپەوە
بە گەرماو سەبوون و لبزمەی ئاران و تەرپەوە
ترسی نەریدە، پێشکەش سەوار، شەو فرێنی دز
دەستیاوی باری کەوتوو لە چیگای خلیسکێو خز

ئاخۆ پاش داهێنانی ئەم چەشنە فرۆکانەو بکەرە پاش داهێنانی (ساروخ) پیرەمێردی نەمر چی بگوتایە؟.

هەر لە ئاسمانەوە دیار بوو «پراگ» چەند ڕێکو پێکەو پڕ لە قوللەی بورجی کلێسا، بەڕاستی فرۆکە خانەی پراگ لەورەو ڕێکو جوان بوو. پاس دەبەزین و کەپشتنە شوێنی مەرام لە هەموو شتێ خۆشترنەبوە کە یەکێک بێت بەسەرتەوە و ڕێگات نیشان بدا. ئەمەئاوا تەشم هاتە دی، گوڕج یەکێک لەو هاوڕیانەی کەبەخەیالما نەدەهات لەبەر دەمەوت بوەوە دەستی درێژ کرد (بەخێربێیت هاورێم). سوڕی ئوتومبێل بووین بە ناو شەقامێکدا بەرەو شار کەوینە پێ. هەر دووڵای شەقامەکە هەتا چاوبڕبکات، سەوزو دڵگیر بوو بە تەنیشت شەقامەوە بە دەیان کۆشکی ١٠-١٥ نهۆم دروست کراوە، کە هەمووی بە شوقەوئاپارتمانت، دابەش کراوەو بەهەرزانی بە دانیشتوانی «پراگ» بەکرێ دراوە. دیمەنی زۆر دڵگیر بوو، وە لەهەمووی دڵگیرتر ئەوە بوو کە خەڵکی ئەم شارە گوڵپەرستێکی سەیرن، تەنانەت لە قەراخ پەنجەرەکانیان داوبگرە لە ژوورەکانیانا دەبێ چەند ئینجانەیەکی گولیان هەبێت. هەروەها پێش ئەوەی بگەینە ئوتیل چاوم بەگەلێک بینای کۆنو کلێسای بەرز کەوت، بەبێ پشودان یەکسەرخۆمان کرد بە چێشتخانەی ئوتێلەکەدا.

لبرە هەموو خانوکان کراون بە ماڵی دەوڵەت وە هەموو کەسێک بە پێی چەشنی «شقە» یا خانوەکە، لە ٥٠٪ تا ١٠٪ کرێ دەدات وەکەس ناتوانی کەس دەربکات، وەرگرتنی خانووی تازە بەنۆبەیە پاش ئەوەی ئیسەمارەی یەک پڕ نەکەیتەوە (سەڵانی خزمەتو زمارەی منداڵو ڕادەی موچەو گەلێ شتی تری تێدانادەورسێت).

ئەوەی کە پەشۆکانمی ئەمەهەموو چەقۆو چەتاڵە بوو جگە لەوەی کە هەر نەم زانی چۆن خوارد نەکانی پێ بخۆم! بەو مەرجەی کە ئەبێ چەتاڵ بەدەستی چەپەوە بێتو بەویش ببخۆێت، وە چەقۆکەش بەدەستی ڕاستەوە هەر بڕو بڕینو یارمەتیە، خۆ - ئەمئەوروپاییانەش زۆر ئەتیکێت پەرستن، هەر چەندە دەمزانی خۆیان گیل کردوە، بەڵام دیار بوو بەزەییان بە ناشێتیو پەشۆکاوی منداد دەهاتەوە!!

هەر شەوێ هاوڕێکەم کەدەیرانی زۆر حەز لە هونەر دەکەم گورج بردمیان بۆ «شانۆ-سینەما»، کە وەکو ئەلین ٠٠٠ ئەم هونەرە هەر لە شاری پراگەیە، هونەری لێکدانی سینەما لەگەڵ شانۆدا، یا بڵێین ٠٠ بەکار هێنانی سینەما، «لەڕیگای چەند شاشەیەکەوەلە پشت شانۆکەوە» بۆ یارمەتی دان و ڕۆشن کردنەوەی مەرامەشارراوەکانی دراما لە سەر شانۆدا بیجگە لە خەڵکی شار، گەلێ گەشتکەری بێگانەی لێ بوو، وەکو ئەلمانوفەرەنسایی وولاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا.

- داوێتی -



شانۆی هارڵم

دەنگی داو ئاهو

تیپی شانوی هەرلم لە لەندەن لە مەیدانی شانوی سەماکردندا عەلایەکی گەورەی ناوەتەوە ٠٠ سەرکەوتنی ئەو تیپە لە هونەری سەماکردنی ئیقاعیدا بە ڕووداوێکی گەورەو بایەخدار لەژمێردرێت ٠

پرۆگرامی ئەو تیپە لە سەر شانۆی (سادلیزەر ویلز) بەسەر کە وتنێکی بێوێنەوە ماوەی سێ هەفتە بەردەوام ٠٠ پێش پێنج سال لەمەوبەر «ئەرسەر میتشیل» ئەو تیپەی دامەزراند ناکو ئەوە بسەلمێنێت کە قولە لەندەنی» لەو بارەیەوە ڕشەکانیش لەباریانداهەیە لە مەیدانی سەمای کلاسیکی، سەماکەرێکی بەتوانابێت ٠

بەم کارە، قولەرشەکان لە قوناخی موسیقای جازەوە چوونە مەیدانی سەمای سەرشانۆو دەستەیەک لە سەماکەرە ڕەشەکان بەهۆی ئەو تیپەوە، گەلی نوانای خۆیان ساغ کردەوەو، کە لە لێدانی مۆسیقای جازو سەمای ئەفەریقایی بەولاوە لەمەیدانی سەمای شانۆ بەڵام تیپی هارلم یەکەم نیپێکە کە ئاوازێکی ڕاستی ئەوای ئیقاعی دۆزیبێتەوە، هەر ئەوەش سەرکردەیی ئەو جۆرە سەمایەی داوەتە دەست»!







پیشانگایەکی هونەری لە کازاخستانی سۆڤیاتی دا

ماوەیەک لەمەوبەر، لە پایتەختی کۆماری کازاخستانی سۆڤیاتیدا پیشانگایەکی هونەری کراوەتەوە، لە پاڵ پیشانگایەدا سەرباری زۆر پەیکەرو نەخشەو مۆزایک ٠٠ پتر لە ٣٠٠ تابلوی زەیتی و پۆستەروەکاری هونەری تری تێدا نیشان دراوە ٠

ئەوەی شایانی باسە، ئەو پیشانگایە سەر بەیانەی (ساموتسفیت) ٥٠ ئەندامەکانی ئەویانەیە بریتی یە لەو کرێکارو جوتیارانەی کە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا بە هۆی ئەو ڕێگایەوە توانیویانە پلەی ژیانیان بەرز بکەنەوە.

خۆشەویستر نیە ٠٠!

کلودیا کاردینالی، وەیا (ک٠ک)، یەکێکە لە ئەکتەرە شۆخە بەناوبانگەکانی سینەمای ئەم سەردەمە، لەو ئاهەنگەدا کە هەموو سالی ئیتالیا لە شاری ڕۆمای پایتەختدا پێکی ئەهێنێت، بۆ هەڵپژاردنی خۆشەویستترین ئەکتەری سینەما لە لای خەڵکی، ئەم سال ئەو ئافرەتەشۆخە خۆشەویستترین ئەکتەری لای خەڵکی بووە، بەوبۆ نەیە ئاهەنگێک گێردراوە، تاوەکو خەڵاتی ئەو سەرکەوتنەی پێشکەش کەن ٠

ڕۆزماری ٠٠٠ ڕۆزماری



ڕۆزماری یەکێکە لەو لاوانەی وڵات پشتیان پێ ئەبەستێت ئەم کچە پاڵەوانە یەکێکە لە پاڵەوانانی مەیدانی بازی بەرزی ئافرەتان لە ئەڵەمانیای دیموکراتی، توانیوێتی ڕادەی پێشوی هەڵچون لە بازی بەرزداڵە یانزەهەم خولی پاڵەوانی ئەوروپادا بشکێنی، بەم کارەڕادەیەکی نوێی داناوە کە لەجیهاندا ئەندازەی پێ بکرێت کە ئەویش ١٫٩٥ مەترە ٠

ژمارەی سپاردن بەکتێبخانەی نیشتمانی
١٥٦ی ساڵی ١٩٧٤

دۆزینەوەیەکی دەوری بڕۆنزی

زاناکانی مۆزەخانەی هیرمان نۆڕ نە نەوشتانەیان دەرخستووە کە لە ژوورووی مەجەر لە ناوچەی (فیرونیاراد)دا دۆزیویانەتەوە، ناوشتانە پاشماوەی چەرخی بڕۆنزین، لەبن هەندی کەلاوەدا دەریان هێناون کە ٢٥٠٠-٣٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر ئەو جێگایانە ناوەدان بوون، سەیرلەوەدایە ئەم شتانەی دۆزراونەتەوە، ٤٠ سانتیمەتر کلیان بەسەرەوە بووە، کە ئەمە لەچاو قوڵی جێگای شوێنە وارە کۆنەکاندا قوڵییەکی ئیجگار کەمە ٠٠ ئەوەی لەو پشکنینەدا دەست نیشانیانیانە کەوتووە، هەندێ پارچە چینیو فەخفوری شکاوە، تۆزەلێک خشڵ و مجەوهەرانە، کە بە پێی لێکدانەوەی ئەوزانایانە، ئەو خشڵو مجەوهەراتانە لە ترسی ئەوە شاراونەتەوە، کە نەبادا لەشەڕو شۆڕدا دەست خێڵەکانی دەوروبەریان بکەوێت ٠

منداڵان و نەخۆشی شەکر

لە بەریتانیا بەڕێوەبەرانی سرادەمەنی قوتابخانەکانی منداڵان، ئافرەتانیان وریا کردۆتەوە، کە چاودێری منداڵەکانیان بکەن، لەوەی کە بڕێ شیرینی خواردن نەبن ٠٠ ئەو وریاش بن لەوەی شیرینیو نەشەوێات کەم بدەن بە منداڵەکانیان ٠٠ لەبەر ئەوەی بە منداڵی زۆر خۆاردنی شەکر، لەدواڕۆژدا لەوانەیە نەخۆشی دڵیان تووشکات، وە ئەوە لە شەوێاتە زۆرەش کە بەمنداڵی نەیخۆن لە تەورەیدا دانیانی پێ هەڵوڕێت سەرەڕای ئەوەش، کە زۆر لەڵەویان ئەکات ٠

دەستێکی نارەحەت

ڕۆژنامە نەرویجێکان باسی ڕوودا وێکی ناو خۆیی سەیریان نووسیووە، ئەو ڕۆژنامانە ئەڵین ٠٠ گران ترین کڕینی نەکسی پڕیحایەکی زۆر کورت لە کابرایەک سەندراوە کە ڤیستوێەتی بۆ ماڵەوە بچێتەوە، لە تەنیشت شۆفێرەکەوە دانەنیشێت، ماوەیەکی کەمی ڕێگاکە نەبڕی، کابرا لە خۆیەوە دەست نەبات بۆ گیرفانی ئۆتۆمبێلەکەو دەیکاتەوە، ئۆتۆمبێلەکە بەڕەوپاش دەگەڕێتەوە لە ئەنجامدا ئۆتۆمبێلەکە دەشکێت، شۆفێرەکە ١٦ هەزار کرۆن لە کابرا ئەسێنێت، کە ئەکاتە ٢٩٠٣ دۆلار، ئەوپارەیەش ٢ دۆلاری کرێی ڕێگاکەو ٢٩٠٠ دۆلارێش حەقی چاکردنەوەی ئۆتۆمبێلەکەی بووە، بەو جۆرە ئەوپیاوە دامێاوە بۆڕێگایەکی واکورت پارەیەکی ئەوتۆی لێ ئەسێنرێت کە لە دنیادا هەتا ئێستا لە کەس نەسێندراوە، ئەوپیاوە بۆ پاکانەی لەو ئیشەی کردوویەتی وتوویەتی ٠٠ من بە هیچ مەبەستو نیازێکی خراپ ئەوکارەم نەکردووە ئەوەندەنەبێت حەزم کردووە برانم ئەوگێرە ئۆتۆماتیکیانە چۆن ئیش ئەکەن ٠٠

سەرژمێریک

لە ئەمەریکا سەر ژمێرێک کراوە، تابزانن ژنان چەند بۆیەی لیو سوورکردن بەکار دەهێنن ٠٠

لەو سەر ژمێرەدا، ئەوەیان بۆ دەر کەوتووە کە ژنە ئەمەریکایی هەر بە پێنج جارێک بەقەدەر درێژی باڵای خۆی لەو سووراوە دەدات لە لێوی ٠٠

ئاوێنە

لە پاپردوو

ئارام: ئامادەی کردوە

ڕۆژنامەی (بانگ کردستان) ژمارە (٩) ساڵی (١) ڕۆژی (یەک شەممە ٨ تشرینی أول ١٩٢٢) ئەم پارچە شیعرەی خوا لێخوشبوو (زێوەر)ی بڵاوکردبوەوە ئێمەش بە کەمێک دەستکاری ڕێنووسەوە دوو بارە بڵاوی ئەکەینەوە ٠

ئەی وەتەن چەند خۆشەویستی ڕۆحی شیرینی منی
مەزرەعەی توخمی نشاطو باعیسی ژینی منی
بێتو ئەرمن کۆهکەن(١) بم وەصلی شیرینم ببێ
تیشەیە نادەم لەبەردی تۆی کە شیرینی منی
گەرچی ئەرزی هێند بڵندی وەختە لای من بچیە عەرش
واسیتەی سەربەستیو اجرای ئایینی منی
افتخاری میللەتی، تۆی مادەڕیکی(٢) میهرەبان(٣)
خوا هیلالیشی بە تۆدا، ماوە پەروینی منی
نەو بەهاران بەو هەوای زۆر سافەوە وەک جەننەتی
فەسڵی زستانیش سەراسەر باغی نەسرینی منی
بۆچی نەقدی جیسمو جانی خۆم بە شاباشت نەکەم(٤)
خاکی کراهی حوکمرانی عەزو تەمکینی منی
ئاوەزوو فکری سیاحەت ناکەم ئیتر ئەی وەتەن
تۆ لە جێگای قاهیرەو تارانو بەرلینی منی

(١) کوهکەن - کێوکەن = فەرهاد ٠
(٢) مادەر = دایک ٠
(٣) مهرەبان - بەزەیی
(٤) واتە بۆچی دراوی ژیانو گیانی خۆمت بە شاباش نەکەم خاکی تۆ کە ڕێگای فەرمانڕەوایی شاناڕیو گەورەیی منە ٠

کێڵگەکانی ئەوسترالیاو کوللە

دارودرەخت و سەوزایی ناوچەی نیوساوس ویلز لە ئەوسترالیا، سەدان پۆل کوللەی لەسەر نیشتۆتەوە، کە مەترسیەکی گەورە شیان خستۆتە سەر دەغڵو دانی ئەو ناوچەیە، ئەلین ٠٠ گەورەیی ئەوکوللانە یەکی بەقەد زەرنەقوتەی چۆلە کەیەک نەبێت کە ئەو جۆرە کوللەیەش لە کوللە ئاسایی زۆر گەورەترە فرۆکە کشتو کاڵیکانی ئەو ناوچەیە ٣ هەفتەیە بەردەوام دەرمان بەسەر ئەو پۆلە کوللانەدا ئەڕژێنن بەڵام هەتا ئێستا هیچیان نەکردووە بەهیچ، لەبەر ئەوەی کوللەکان خۆیان لەناو گەڵای دارو درەختەکاندا مەڵاس داوە ٠٠ فەرمانبەرێکلەو دەستەیەی خەریکی قەلاچۆ کردنی ئەو کوللانەن، وتوویەتی٠٠ لەم ناوچەیەدا هەرگیز لەو جۆرە کوللانە نەبینراوە ٠٠

لێک جیاکردنیوەی منداڵی بەیەکەوە نووساو

لەشاری (فیلادلفیا)ی ئەمەریکادا نافرەتێک، منداڵی جومکی بوو کە لەزگ وسنگەوەبەیەکەوە نوسابون بەم جۆرە ئەم، منداڵە بۆماوەی ١٣ ماڵنگژیان تاوەکو ڕۆژی ٢٥-٩ ئەم کاتە کۆمەڵە ڕیشکێک کاژمارەیان ٢٣ پزیشک بوو توانیان بەعەملیات کە ١٠سەعاتی خایاند ئەم ٢ منداڵە لێک جیابکەنەوە ٠ سەرۆکی ئەم کۆمەڵە پزیشکیە ڕایگەیاند کەوا ئەم لێک جیاکردنەوەیان ڕۆژبەیو چالاکیەوە کردوە وە ئەوەی شایانی باسەئەم، منداڵە ناوەکو ئێستا ژیاون وە لەیەک ماڵنگداڵ بەیەکەوەنەخۆشخانە بەجێ ئەهێڵن ٠

باخچەیەکی سۆزی



لەشاری بۆزان لە پڕۆڤنیا، خەڵکی ڕێک خستنی باخچەیەکی ئاژەڵی نوێن، بەڕینی ئەوباخچەیە ١٠٠ هیکتار ئەبێت ٠٠ لەو باخچەیەدا هەمە چەشنەئاژەڵی کێوی و ماڵی تێدا ئەڵێ کە دابەش کراون بە چەندبەشێکەوە، لەو بەشانەدا، هەر جۆرە ئاژەڵێک واهەست ئەکات کە لەسروشتێکی تایبەتی بەخۆیدا ئەژی، چەند ڕۆژێک لەمەوبەر بەشی باڵندەی ئاوێکان کراوەتەوە، وەبەرەودوا بەشەکانی تریش دەکرێتەوە ٠٠